پیرۆز بێ
٢٦ ی سەرماوەز
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
٢٦
1945
ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەلە
سەرماوەزی ٢٧١١
ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی
دیسامبری ٢٠١١

بەشێک لە قسەکانی خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە کوردستان

ناوی پێشمەرگە لەگەڵ مێژووی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەگەڵ شۆڕشگێڕی، لەگەڵ خۆبەختکردن، لەگەڵ دیفاع لە خاکی کوردستان و لەگەڵ دیفاع لە هۆوییەت و کەرامەتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئازادی، لەگەڵ کارو تێکۆشان بۆ سەقامگیر کردنی مافە نەتەوایەتی و دێمۆکراتییەکانی نەتەوەی کورد، لەگەڵ هەمووی ئەوانە تێکەڵ بووە. پێشمەرگە ئەو کەسەیە بە دڵخوازی خۆی لەسەر داوای خۆی دەبێتە پێشمەرگەو چەک هەڵدەگرێ و گیانی خۆی بۆ رزگاریی نەتەوەکەی بەخت دەکا. ئەو تایبەتییە دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی ژیانی سیاسیی نەتەوەیەک کە مەجالی ئەوەی پێنەدراوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، وڵاتەکەی و بۆخۆشی دابەش کراوە. تەبیعەتەن ئەو تایبەتی و ئەو دەردو مەرگانەیە کە ئەو ئیحساس و عاتیفە و شوعور و عەقلییەتەی لەنێو کچان و کوڕانی کورد دا دروست کردوە، بنەماڵەکان وایان پەروەردە کردوون، حیزبە سیاسییەکان وایان پەروەردە کردوون کە بەو روحەوە چەک هەڵگرن و بەو روحەوە بۆ رزگاریی کوردستان کار بکەن. تەمەنی پێشمەرگایەتی لە مێژووی کورد دا دەکرێ بڵێین دوورو درێژە. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جار نێوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ ٦٥ساڵی بەسەردا تێپەڕ دەبێ، زۆر کەس هەن زیاتر لە ٥٠ساڵ لەخزمەت ئەرک و کاروباری حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی دا بوون، زۆر کەسیش هەن ئێستا دەوری چەند حەوتوویەکە هاتوونەتە نێو ریزی پێشمەرگە و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان لەبەر کردوە. پێشمەرگەی کوردستان ئەرکەکەی ئەوە بووە کە بۆ رزگاریی کوردستان و بۆ دیفاع لە کەرامەتی نەتەوایەتی و خاکی کوردستان و هەمووی ئەو بنەمایانە کار بکا و تێبکۆشێ و چالاکی بکا و تەنانەت گیانی خۆی بەخت بکا، لە هەمان کاتیش دا ئەو بنەمایەی لەسەر دادەمەزرێ و ئەو بنەمایەی لەسەر تەسبیت دەبێ ئەویش ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە بەو مەبەستە بەکار بهێنرێ. ئەگەر لە مێژووی کورد دا بەداخەوە لە رابردوودا بەهەر دەلیلێک بەهۆی کێشەی نێوخۆیی جاروبار هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێز و تواناو ئێنێرژییەکەی لە کێشەی نێوخۆییدا سەرف بووە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وایە دەبێ بە هەموومان بە یەکەوە بو جارێکی دیکە ئەو پەیمانە نوێ کەینەوە کە عەقڵییەت و رەسەنییەت و وەزیفە و ئەرکی هێزی پێشمەرگە ببەینەوە ئەو شوێنەی کە جێگای خۆیەتی و قودسییەتەکەی لەو شوێنە دابنێین کە جێگای خۆیەتی و ئەهەمییەتەکەی لەو جێگایە دابنێین کە پرۆژەی سیاسیی حیزبەکەی ئێمە بۆی داناوە، ئەویش ئەوەیە هەمیشە تێبکۆشین و هەمیشە ئەو پەیامە بە کۆمەڵانی خەڵک بدەین و هەمیشە هێزی پێشمەرگەی خۆمان بەو روحەوە پەروەردە بکەین و ئەو فەرهەنگە لە نێو هێزی پێشمەرگەی خۆمان و کۆمەڵانی خەڵکدا بەهێز بکەین کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرگیزو هەرگیز لە داهاتوودا خوای نەخواستە لە کێشەی نێوخۆیی لە دژی یەکتر بەکار نەهێنرێ. ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی و هەموو پێشمەرگەکان وەک کەسانێک کە ژیانی پێشمەرگایەتییان تێکەڵاو بە ژیانی سیاسی و ژیانی حیزبایەتییە هەمووی ئێمە بەرامبەر بەو ئەرک و بەو وەزیفانەی کە بنەماڵەکان لەسەرمان دادەنێن، کۆمەڵگا لەسەرمان دادەنێ، ئەوەیە (ئەزموونێک کە) مێژووی دوورو درێژی ئەو نەتەوەیە بە ئێمەی داوە ئەوەمان پێدەڵێ ئەو پەیامە وەربگرین و ئەو پەیامە بدەینەوە بە کۆمەڵگا. بۆیە جێی خۆیەتیی جارێکی دیکە لێرە لە رۆژی پێشمەرگەدا لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ هەمووی ئێوە، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان، لەگەل بنەمالەی شەهیدان ئەو پەیمانە نوێ بکەینەوە. هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە ئەوەیە، پێشمەرگە بە روحی پێشمەرگایەتی بەو مەبەستەی کە بەرگی بۆ لەبەر کردوە و بەو مەبەستەی کە رۆژەکەی بۆ دامەزراوە، پەروەردە دەکەین پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا یەک ئەرکی هەیە، ئەویش دیفاع لە کەرامەتی نەتەوەیی و خاکی کوردستان و ئەو نەتەوەیەیە. ئەوەیە ئەرکی ئێمە و ئێمە ئەوە لە تەواوی پرۆژەو کاروبارو بەرنامەی خۆماندا نەهادینە دەکەین وە تێدەکۆشین کە ئەو روحە و ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێ بکەوێ. هیوادارین و جێی خۆیەتی لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا پەیامی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو لایەنەکان بنێرین، بە هەموو لایەک بڵێین، هەموو لایەنەکان کە هێزی پێشمەرگەیان هەیە، ئەو تەعەهودە بدەن با هەموو لە ریزی

پێشمەرگەو هێزەکانی خۆماندا بۆ جارێکی دیکە ئەو پەیمانە نوێ بکەینەوە کە ئێمە تێدەکۆشین ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر ئەوە دابنێین کە لە پێناوی رزگاریی کوردستاندا کار دەکاو ئەوە ئەرکی سەرەکییەتی و بەو روحە و بەو فەرهەنگە دەبێ پەروەردە بێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە لە هەموو ئێوە و لە هەموومان بە یەکەوەو لە هەمووی پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم و دڵنیام ئەرک و چالاکیی پێشمەرگەکانی کوردستان لە پێناوی رزگاریی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەمووی مافەکان بە ئاکام و ئەنجامی خۆی دەگا، ئەوە هەوڵ و تکای هەموو لایەکی ئێمەیە کە چۆن تێبکۆشین کاتێک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیش رزگاریی خۆی بەنسیب دەبێ. لەو رۆژە یادو بیرەوەریی پێشمەرگەو هەمووی پێشمەرگەکان و هەمووی ئێمە و هەموو بنەماڵەکانیان بەیەکەوە لە شارەکانی کوردستان، لە مەجالێکی زۆرتر، بە ئیفتیخارێکی زۆرتر، بە بەشداریی هەموو لایەکەوە رێزی لێ بگرین. من دڵنیام ئەو رۆژە دێ، من دڵنیام ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو شوعووری نەتەوایەتیی نەتەوەی ئێمەو ئەو برِیارەی کە ئەو نەتەوەیە داویەتی،دەبێ رزگار بێ،ئەو رۆژە وەدی دێنێ،بە هیوای ئەورۆژە.

کوردستان و کورد / ٢٠١٠

بەشێک لە وتەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ٢٦ی سەرماوەز لە ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا

پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەڵگری نوێترین بیرو باوەڕی سەردەمە

ڕووداوی نەخوازراوی لەتبوونی حیزب دەبێ بکەینەدەسپێکی لە دایک بوونەوەیەکی تازە بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

هاوڕێیانی خۆشەویست!

خوشک و برا بەڕێزەکان!

پێشمەرگە دێرین و جەوان و تازە پێگەیشتووەکان، پێشمەرگەکانی دوارۆژ!

سڵاوتان لێ بێت، سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سڵاو لە "کەمایەتیی" حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە عەرز و بەر هەڵیناگرێو جێی نابێتەوە!

بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە ئێوە لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان لە هەر جێیەک و لە هەر پارچەیەکی کوردستان و سەر بە هەر حیزبێکی سیاسی بن، لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان، لە بنەماڵەی شەهیدان و لە هەموو خەڵکی پێشمەرگە پەروەری کوردستان پیرۆزبایی دەکەم.



سڵاو لە پێشمەرگە، ئەوانەی سەریان لە ڕێگای ئامانجیان دانا، ئەوانەی لە ڕێگای خەباتدا نوقوستان، کەم ئەندام یان بریندار بوون، ئەوانەی بە سڵامەتی و سەربەرزی هەر ئێستا لە مەیدانی خەباتدا ئامادەن ئەگەر پێویست بوو ئەوانیش وەکوو پێشمەرگەکانیان گیانیان بەخت بکەن.

سڵاو لە سێ ڕێبەری پێشمەرگە و سێ پێشمەرگەی ڕێبەر، شەهیدانی نەمر پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی. سڵاو لە هەموو ئەو ڕێبەرانەی کە شانبەشانی پێشمەرگە چوونە سەنگەری خەباتەوە و لە پەنا پێشینەکان گیانیان لە پێناوی کوردستاندا بەخت کرد.

هەموومان دەزانین کە ئەمساڵ دەبێتە بیست و سێهەمین ساڵ کە جەژنی پێشمەرگە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا دەگرین. بە کورتی ئیشارەیەک بەو موناسەبەتە بەجێیە. پاش چەند ساڵ خەباتی مەرحەلەی ئێستامان لە ساڵی ١٣٦٣دا کەوتینە سەر ئەو فکرە کە دەبێ ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە دابنرێ. زۆرمان بیر کردەوە، زۆر عەمەلیاتی گەورە و پڕ شانازی هەبوون کە بیانکەینە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە پاشان هەرچی بیرمان کردەوە عەمەلیاتەکان زۆر بوون، ئیفتخاراتەکان زۆر بوون، پێمان وابوو ئەگەر یەکیان هەڵبژێرین ڕەنگە هێزەکانی دیکە، ناوچەکانی دیکەی خۆیان بە مەغدوور بزانن. سەرەنجام هاوڕێیەکی دەفتەری سیاسی پێشنیاری کرد، با ئێمە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە. چونکی ئەگەر بە مەعنا واقیعییەکەی بڵێین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ئەو ڕۆژەیە کە بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکراوە. پێشمەرگە هەڵگری ئەو ئاڵایەیە، هەڵگری پەیامی ئەو ئاڵایەیە، پارێزەری ئەو ئاڵایەیە، کە وابێ زۆر بە جێیە لە نێو هەموو ڕۆژەکاندا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکەین. بە خۆشی یەوە ئەو پێشنیارە هەم لە دەفتەری سیاسی، هەم لە کومیتەی ناوەندیدا پەسند کرا. لەو ساوە تا ئەمڕۆ هەموو ساڵی خەڵکی کوردستان هەر کەسەو لە شوێنی خۆی و بە پێی مەوقیعییەتی خۆی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا ڕێز لە پێشمەرگە دەگرن، ڕێز لە فیداکارییەکانیان دەگرن، ڕێز لە شەهیدەکان و بنەماڵەی شەهیدەکانیان دەگرن، ڕێز لە بنەماڵەی پێشمەرگە دەگرن.

هەموو دەزانین، بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو خەڵکدا دژین کە بنەماڵەی پێشمەرگە گوڵی سەرسەبەدی کۆمەڵی کوردەوارینو، سەربەرزن بە پێشمەرگەکانیان. ئەوەی بۆ پێشمەرگە دەکرێ، ئەوەی بۆ بنەماڵەی پێشمەرگە دەکرێ بەشێکی کەمە لەو پاداشەی کە موستەحەقی پێشمەرگەیە. پێشمەرگە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بێ ئەوەی چاوی لە پاداشێک ، تەنانەت لە ئافەرین و سپاسێکیش بێ گیان لە سەر بەری دەست دادەنێ بو پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل، بۆ بەدەست هێنانی ئاوات و ئامانجەکانی میللەتی خۆی. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە حافیز و ڕپارێزەری ماڵ و گیان و نامووسی خەڵکە، گیان بەخت دەکا بۆ وەدەستهێنانی ئاواتەکانی میللەتی کورد، لە پاشانیش فیداکاری دەکا بۆ پاراستنی. ڕەنگە هێندێک کەسمان هەبن کە پێیان وابێ ئێستە دەورانی پێشمەرگە بە سەر چووە، چونکی ئێمە لە حاڵەتی خەباتی چەکدارانەدا نین، ئەوە بۆچوونێکی نادروستە. هەتا ئەو وەختەی زۆڵم و زۆر هەیە هەموو ڕۆژێ ئیحتیمالی هەیە کە وەختێکی دیکە لە هەلوومەرجێکی دیکەدا پێشمەرگە دیسان سەنگەری خەبات (خەباتی چەکدارانەش) ئاوەدان بکاتەوە بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. هەر وەکوو حیزبەکەمان و ڕێبەری شەهیدمان دکتور قاسملوو لە ئەوەڵین ڕۆژەکانی دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانە یان باشتر بڵێم دیفاعی چەکدارانەدا کوتی:"خەباتی چەکدارانە شێوەیەک لە خەبات نیە کە ئێمە هەڵمان بژاردبێ، دوژمنانی ئازادی بە سەر ئێمەیاندا سەپاندوە " چونکی ئێمە ئاشتیخوازین، پێشمان خوشە ئاواتەکان و ئامانجەکانمان بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا وەدی بێن.بەڵام ئەو ڕۆژەی کە پێویستە لە پێناوی ئامانجەکانماندا بمرین، کیژان و لاوانی کورد لە مردن سڵ ناکەنەوە. بۆیە ڕەنگە جارێکی دیکەش ئەوە بێتە پێشێ. هیوادارین مەنتیق ئەوەندە زاڵ بێت، ڕۆحی سەردەم ئەوەندە زاڵ بێت کە پێشمەرگە مەجبوور نەبێ چەکدارانە بچێتە سەنگەرەوە. بەڵام ئەگەر ئەوەشیان نەبوو ئەرکی پێشمەرگە تەواو نابێ. پێشمەرگە دەبێ دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد بپارێزی، بۆ پاراستنیان دیسان دەبێ چەک لە شان ئامادەی خەبات بێ. لە هەمووی گرنگتر ئەوانە خراپ لە پێشمەرگە حاڵی بوون کە پێیان وایە ئەرکی پێشمەرگە فەقەت چەک لەشان کردن و خەباتی چەکدارانەیە، پێشمەرگە، بە تایبەتی پێشمەرگەی ئەمڕۆ هەڵگری نوێترین بیرو باوەڕی سەردەمە، پێشمەرگەی ئەمڕۆ پێشمەرگە مەیدانی سازەندەگی، مەیدانی درووست کردن، مەیدانی نوێکردن و نوێ بوونەوەیە. پێشمەرگە لە هەموو مەجالەکانی ژیاندا دەبێ پێشڕەو بێ. ئەو ناوە پێرۆزە بە خۆڕایی بۆ پێشمەرگە دانەندراوە. لە هەموو مەجالێکدا پێشمەرگەیە، یەعنی ئەگەر پێویست بوو مەرگی وەپێش مەرگی گەلەکەی دەخا بۆ ئەوەی گەلەکەی بە سەربەستی و سەربەرزی بژی

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و لە هەموو پێشمەرگەکان دەکەم.

. سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

. سڵاو لە هەوڵ و هیممەت و فیداکاریی پێشمەرگە

. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، بەتایبەت شەهیدانی ڕێبەر، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی

. سڵاو لە خەڵکی پێشمەرگەپەروەر و دیموکرات پەروەری کوردستان

. سڵاو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان

. ئێوەش هەر ساغ و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

زۆر سپاس

گیارەنگ / سەرماوەزی ٢٠٠٦

پێشمەرگە کێیە؟

پێشمەرگە کێیەو ئەرکی چیە؟ ئەم وشە پیرۆزە و ئەو پرسیارە گەورەیە زۆری لەسەر باس کراوە. دۆست و دوژمن هەر یەک بە نۆبەی خۆی تەفسیرو تەحلیلی خۆی ڕاگەیاندوە.



دوژمن زیاتری باس کردوە چونکی پێشمەرگە وەک پارێزەری شەرەف و ئازادی بە ورەیەکی پۆڵایین، بە دڵێکی ئازاد و بە تەواوی وجوودی خۆی کە بە باڵای کوردستانە، شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ کردوە، مەرگی خۆ وەپێش لە نێوچوونی ئازادی و شەڕەف و کەرامەتی گەلەکەی خستووە. دەبووو دەکرا لەسەر پێشمەرگە زیاتر باس کراباو کۆنفرانسی لەسەر گیرابا.

کەمتر نەتەوەیەک ئەم مەنزەڵەت و پەلەیە بۆ ڕۆڵەکانی خۆی وەک شەڕەفی نەتەوەیی بەخشیوە کە وەک باسێکی بەهێزی گەلەکەی ناودێر کردوە. ئەم ئازادیخوازانە، ڕۆڵە بە ئەمەگانە لە بوارە جیاجیاکان و قۆناغە دژوارەکان، تەواوی قورسایی خەبات و تێکۆشانی پڕ لە شانازیی گەلەکەیان لەسەر شان و پیلی خۆیان هەڵ گرتوە تاوەکو، کاروانی درێژی خەبات و پێش وەچوون بێ پسانەوە، بەرقەرارو بەرمەدار و ئاڵای ئازادی و خۆڕاگری شەکاوە ڕابگرێت. ئەم ئاڵایە کە وەک هێماو ڕەمزی نەتەوەی کورد لە بەرزترین لوتکەکان دەدرەوشێت، تەنیاو تەنیا مەچک و ورەی پێشمەرگە پاراستوویەتی. پێشمەرگایەتی شوغل نیە و مەنسەبی تایبەتی چین و توێژی دیاری کراو نەبووە، بەڵکوو ئەرکە، کە هەموو چین و توێژێک، بێ جیاوازیی جینسی و ئاینی و فکریی لە خۆی کۆ کردۆتەوە. پێشمەرگە ساز نابێت بەڵکوو لە دایک دەبێت ئەو دایکەی کە بە دایکی نیشتمانی دادەنێ. هەر بۆیە منداڵی کورد لە بێشکە دا مافخوازو، ئازادیخوازە.

پێشمەرگایەتی شەڕەفە، ڕۆحە، مەعناو ئەخلاقە، فەلسەفەو کەرامەتە بۆیە بۆ هەر تاکێکی کورد پێشمەرگە هەموو کات لە بوون دایە، تازەیەو کۆن نابێت، پێویست بە مێژوو نابێ و خوڵقێنەری مێژووو پێشڕەوی ڕەوتە، ڕووی لە داهاتووو دوارۆژە، تێدەکۆشێ بۆ دوا ڕۆژی ڕوون، کە خۆی تێدا ببێتە. خۆ دیتن، خۆ ناسینە، خۆ ناسین ئەقڵانیەتە، خۆشەویستی، عیشق و جوانیە، ئازاد ژیان و بەختەوەر بوونە، مرۆڤ دۆستی، ئاشتیەیە، دژی چەوسانەوە و تیشکی ڕزگارییە.

هیوادارم وشەی پیرۆزی پێشمەرگە لە ویترینی بوتیکی حیزب و ڕێکخراوەکان بێتەدەرو مەعناو مەفهومی شیاوی خۆی کە گەلەکەمان بە بیرو باوەڕو کولتوری خەبات و تێکۆشانی خوێناوی خۆی پێبەخشیوە وەربگرێ، ببێ بە چەم و تێکەڵ بە دەریای خوێنی هەزاران ڕۆڵەی پێشمەرگە بێت کە بۆ دوێنێ، ئەوڕۆ، سبەی تێکۆشان بۆ گۆڕینی ژیان، بۆ ڕووناکی بەخشین بە هەموو قوژبنە تاریکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ببێ بە ئەرکی پیرۆز بۆ دوارۆژی پڕ لە سەرفرازی و بەختەوەریی گەلەکەمان.

ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئازایخوازان و خەباتگێران بەگشتی و بەتایبەتی گەلی کورد، پێشمەرگەیەک لەم قۆناغە تازەیەدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری میللەتی وەئەستۆ گرتوە. ئەمڕۆ کورد لە بەشێکی وڵاتە داگیرکراوەکەی خۆیدا خاوەنی دەسەڵات و حکومەتی خۆیەتی. لەم بەشە پێشمەرگە چالاکانە ئەرکی تازەی بە ئەستۆ گرتوەو لە خەباتی تازەتردا خەریکی تێپەڕ کردنی ئەرک و ئەزموونی تازەیە.

هیوادارم کە لەم مەیدانەدا بە سەرکەوتوویی تەواو بێنە دەر، چونکی چاوی دونیاو چاوەڕوانیی میلیونان کورد، لەم ئەزموونە مێژووییە.

لێم مەپرسن، بۆ وشەی پێشمەرگە هێندە گەورە و پیرۆزە، چونکی بە بیستنی ناوی پێشمەرگە شەڕەف و کەرامەت، عیزەت و ئازادی لە مێشک دا زیندوو دەبێتەوە هێز دەخوڵقێت. خوێنی گەرمی پێشەوا قازی و قاسملوو، شەرەفکەندی و هەزاران ڕۆڵە وەجۆش دێنن و خروشی گەلەکەمان لە گەرووی پێشمەرگە، بۆ وەدەست هاتنی ئامانجەکان دەبێت بە بورکان. دوژمن دەلەرزێت و ئاسۆ ڕوون دەبێت، خۆری پڕتینی ئازادی روخساری نیشتمان دەنەخشێنێ.

بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە لە من، لە تۆ، لە و، لە کوڕ، لە کچ، لە هەموو ئێمەی پێشمەرگە پیرۆز بێت.

هەر بەم بۆنە پیرۆزە ئەم شێعرەی پێشمەرگەی هەموو کات زیندوو کاک عەلی حەسنیانی (هاوار) پێشکەش بە هەموو هاوڕێیانی پێشمەرگەی بەهەستی گەلەکەمان دەکەم

پێشمەرگە

ئەوەی وریا، بوێر، ئازاو بە جەرگە
ئەوەی دوژمن لە ئاستی ناگرێ بەرگە
ئەوەی ئاگای لە دەردی نیشتمانە
ئەوەی پارێزەری پاوانی مانە
ئەوە کێیە؟ هەڵۆی سەرماو زەردە
ئەوە پێشمەرگەیە، مەردی نەبەردە
کە گیانی خۆی لە ڕێی گەل دا دەبەخشێ
بە خوێنی ئاڵی کوردستان دەنەخشێ
بژی پێشمەرگە ئەی پرشنگی ئاوات
بژی پێشمەرگەکەی حیزبی دێموکرات
گەلی کوردی هەمووی چاوی لە تۆیە
لە تۆوە نیشتمانم سەربەخۆیە
ژیانت بێشکانو بیبەدی بێ
بە ئاواتم کە ئاواتت وەدی بێ

ماڵپەری شەهید

وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!!

کوێستان فتووحی

پێشمەرگە ئەو رۆڵە خەباتکار و شۆڕشگێرەیە کە لەپێناوی رزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەیدا ئامادەیە ڕێگای سەخت و دژواری خەبات ببڕێ و تەنانەت خۆی بکاتە قوربانی. بە هەزاران کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد، بوونەتە پێشمەرگە، فیداکارییان کردوە و نرخی گەورەیان لەپێناوی ئامانجەکانیاندا داوە. بەڵام ئێستاش هەرکە ناوی پێشمەرگە دێ، زۆر کەس سیما و قەڵافەتی ئەو شۆڕشگێڕە لە هەیبەتی پیاوێک بە چەک و ڕەخت و جامانەدا وێنا دەکەن. چاو لە مێژووی نووسراو و ئەدەبیاتی زۆر لە حیزبەکانی کوردستان دەکەی، یا کاتێک گوێ بۆ رادیۆ و تەلەڤیزیۆنیان دەگری پڕن لە دەستەواژەی وەک « کوڕە ئازاکانی گەل»! «کوڕانی مەیدانی نەبەردی و خۆڕاگری»! «رۆڵە جوامێرەکانی...» و بەم جۆرە تەعبیر لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن. هەر وا بزانە لە نێو ئەم نەتەوەیە و لە ریزی خەباتی چەکدارانەدا تەنیا کوڕان و پیاوان فیداکارییان نواندوە و ئەوان ئەم خەباتە سەختەیان بە بێ بەشداریی کچان و ژنان بەڕێوە بردوە.

ئەم ئەدەبیاتە کە لە کولتوور و روانگەیەکی پیاوسالارەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوندە دووبارە بۆتەوە کە لە بیر و زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەشدا چەسپاوە کە پیشمەرگە پیاوە و پیاو پێشمەرگەیە! ئەگەر چاو لە مێژووی سێ دەیە خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بە ئاشکرا دەبینین تێکۆشانی ژنان لەو خەباتەدا تا رادەیەک شاردراوەتەوە، یان هەر دەڵێی لەو خەباتەدا حوزووریان نەبووە. ئەمە لە ئەدەبیات و

مێژووی بەشێک لە حیزبەکاندا بە روونی دیار و بەرچاوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان ڕۆڵ و نەخشی گرنگیان لە خەباتی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی دا گێڕاوە، فیداکارییان کردوە و تەنانەت گیانیشیان بەخشیوە. ڕاستە کە ژنان بە هۆی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لە ریزی هێزی پێشمەرگەدا لە چاو پیاوان ڕێژەیان زۆر کەمتر بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئاوا بە ئاشکرا تێکۆشانی ئەو ڕێژە کەمەش لە ژنان لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتیدا بشاردێتەوە.

هەرکەسێک گومانی لەم ئیددیعایە هەیە، دەتوانێ چاوێک لە ئارشیوی هەواڵەکان، راگەیەندراوەکان، وتارەکان، پەیامەکان، نامیلکەکان ، دروشم وپۆستێرە تەبلیغاتییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا تا بۆی دەرکەوێ کە ئەم قسەیە راستە یان ناراست.

زۆر بوون ئەو ژن و کچانەی ئازایانە و بە هەست و گیانی بەرەنگاربوونەوە روویان دەکردە بنکەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی ئەم عەقڵییەتە کە ژن لە باری جەستەییەوە توانای پیاوی نییە، وەک پێشمەرگەی هێز و پەلەکان سازمان نەدەدران، بەڵکوو بە ناوی دڵسۆزی و لەپەنا ئەوەشدا نەتوانین! لە هێندێک ئۆرگان و بنکەی سابیت دا دەهێڵرانەوە .

هەربۆیە لەجیاتی پاراستی ئەو کەسایەتییە ئازا و بەهێزەیان، بەشێکیان رووحی سەرکێشیو شوورو شەوقی خەباتی پێشمەرگایەتییان تێدا دەمرد و دووبارە دەچوونەوە ژێر باری کولتوور و کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا کە لێی یاخی ببوون. تەنانەت هان دراون بخزێنەوە ماڵو واز لە چالاکیی پێشمەرگایەتی بێنن.

حیزبە کوردییەکان بە گشتی بناغەیەکی پیاوسالارییان هەبووە و کەلتووریکی پیاوسالاریان بە سەر دا زاڵ بووە. خۆ ئەگەر بڵێین هەتا ئێستاش، زۆربەی ئەو حیزبانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو کەلتوورە پیاوسالارە دان، نابیتە بوختان. پێشمەرگە، بە کردەوە رەمزی ئازایەتی و بوێری و گیانبەخشین بووە ، لەنێو کەلتووری پیاوسالاریشدا ژن زەعیفەیە و ناتوانی رەمز یا نمادی کەسێکی ئازا و بەغیرەت بێ! هەر بۆیە ئەو ژنانەی بوونە پێشمەرگە بە هۆی زاڵبوونی ئەم روانینە نادروستە کە پیاو رەمزی ئازایەتی و خۆبەختکردنە لە ژێر سێبەری پیاوی پێشمەرگەدا شاردراونەوە. ژنانی پێشمەرگە بۆخۆشیان زۆر جار لە ئاست ئەو روانینەدا بێدەنگ بوون و تەنانەت هێندێکیان بۆخۆیان بەوە رازی بوون کە نەچنە نێو هێز و دەستە و پەلە رەزمییەکان و لە چوونەوە بۆ ناوچە و بەشداری لە عەمەلیاتەکاندا خۆیان بواردوە. یان ئەگەر لە نێو کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، کەسانێکیش هەڵدەکەوتن بۆ ئەوەی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەرکی پێشمەرگانە بەرێوە بەرن، دەبوو وەک پیاوێک خۆیان نیشان بدەن، هەڵسوکەوتی ژنانە لە خۆیاندا بمرێنن بۆ ئەوەی لەو مەیدانەدا وەربگیرێن و قەبووڵ بکرێن. هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئەو مێژووە و ئەو ئەدەبیاتەی رابردوو پڕە لە کوڕانی ئازا! کوڕانی گەڵ، کوڕانی پێشمەرگە و کاکی پێشمەرگە! لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مرۆڤی نێرینە، هەر لە منداڵییەوە بەردەوام بە گوێیدا دەخوێندرێ کە ئەو پیاوە، هەربۆیە دەبێ ئازا، نەترس، بەهێز وخۆڕاگر بێ. ژنیش بە پێچەوانەوە پەیتا پەیتا پێی دەگوترێ «زەعیفە«و وەک مرۆڤێکی لاواز سەیری دەکرێ، لە ئاکامدا «پیاو» وەک رەمزی هێز و ئازایەتی و، «ژن» وەک رەمزی لاوازی و ترس لە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچەسپێ، بەڵام سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانە، یا خڵتەی ئەم جۆرە عەقڵیەتەی نیو کۆمەڵگە، لە ئەدەبیاتی حیزبەکاندا، و لە بریار و هەلسوکەوتی ئەوان لە گەڵ کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، خۆی دەردەخاتەوە. ئەویش ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان پێشڕەو و خەباتکاری ڕێگەی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرین!. تەنانەت خودی ژنانی نێو ریزەکانی پێشمەرگەش جاروبار خۆیان تەسلیمی ئەم ئەدەبیاتە کردوە و لە دەربڕینی مەبەستەکانیان و لە ئاخاڤتنەکانیاندا بەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە دواون. ملدان بۆ ئەم ئەدەبیاتەش جۆرێکە لە قبووڵکردنی هەڵاواردن لە دژی ژنان و زوڵمێکە کە لە ژنانی پێشمەرگە دەکرێ.

بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئەوتۆ لە ریزی حیزبەکاندا هەن کە ئامادە نین مل بۆ ئەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە بدەن و وەک مرۆڤێکی ئاگا، ئازاد و یەکسانیخواز هیچ هۆیەک نابینن کە کەسایەتیی خۆیان بە لاوازی ببینن یان بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگە قبوول بکرێن ، پێویست بێ پیاوانە خۆ نیشان بدەن و پیاوانە هەڵسوکەوت بکەن! ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کە تێڕوانینەکان بەرانبەر بە پێشمەرگە بگۆڕین و چی دیکە »پێشمەرگە« ئەو رەمزەی خەبات و تێکۆشان، بە تەنیا لە هەیبەتی پیاو دا وێنا نەکرێ و پێشان نەدرێ.

کوردستان و کورد ٧ / ١٢ / ٢٠١١

پێشمەرگە ئەو جەوهەرەیە کە بیری نەتەوە و داهاتووی نیشتمان دەنووسێتەوە

٢٦ی سەرماوەز، ساڵرۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆز بێت..!

ن. مەجید کاکەوەیسی

پێشمەرگە و خەباتی لە بڕان نەهاتووی گەلەکەی لە مێژ ساڵە لە پێناوی ڕزگاریدا خەبات ئەکەن، کە بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی ئەو گەلە خۆڕاگرە بە دەستی دوژمنانی ئازادی کوژ، شەهید و بریندار و کەم ئەندام، وە یان بە پیلانو لە ژێر زەبری هێزی نا بەرابەری دوژمن، گیراون و ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە کراون و لە ژێر ئەشکەنجەو لێدان شەهید بوون یان ئیعدام کراون، وە هەر ئیسایش دەیانو بگرە سەدان لەو قارەمانانە لە نێو زیندانەکاندا قایم وەک پۆڵا ڕاوێسیاگن و ئامادەنین بە هیچ نرخێک خۆ بدۆڕێنن و لە بەرامبەر دوژمنانا لاواز بن.

پێشمەرگە؛ پارێزەرانی مان و مەوجودیەتی گەلی کورد بوون و تا سەرکەوتنی یەکجاری لەو خەباتە کول نابن.

زۆرجار دوژمنان ویستویانە ناوی پێشمەرگە نەهێڵنو بە هەر جۆرێک بۆیان بکرێت لەکەداری بکەنو بیشارنەوە، بەڵام بە هەوڵی گەلی بەهیمەتی کورد و باوەڕی پۆڵاینی تاک و کۆ نەک هەر پێچەوانەی بیری دوژمن بوون، بەڵکو ژیرانەو بە پێ ڕەوتی مێژوو بۆ هەموو دونیایان سەلماندووە کە کورد نەتەوەیەکی خوڵقاوی دەستی سروشتەو وەک باقی نەتەوە خاوەن مێژووەکان، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لە گەڵ بوونی سروشتا بووەو تەنیا کاتێک ون دەبێت کە سروشت سەرنخون بێت.

پێشمەرگە؛ ئەو وشە جوانو بەرزەیە کە کورد و کوردستان شانازی پێوە دەکەن، کە زۆر جیاواز لە وشەی؛ سەرباز، سوپا، چەکدار... ە. چونکی پێشمەرگە تەنیا پارێزگاری کردووە، پارێزەر بووەو دیفاعی لە نێو چونی خۆی کردووە، و قەت داگیرکەر، ڕوخێنەرو زاڵم نەبووەو، بە ناهەق پەلاماری نەداوە.

هەر بۆیە تا هەتایە لە دڵی میللەتا زیندووەو دەچێتە نێو فەرهەنگی دونیاو بە پارێزەری کەرامەت و شەرەف دەناسرێت.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ڕەوتو خەباتی کورد لە قۆناخێکی زۆر گرنگو هەستیار دایەو بە خۆشیەوە ئاسۆی کورد گەشاوەتر، میلەتی کورد بە ئاگا و بە ئەزموتر، خۆ دەنوێنێ....



ناوی پێشمەرگە.
پێش لە ئێستا ساڵانی زوو
٢٦ی سەرماوەزی ٢٤ بوو
خەڵکی شاری مهابادەکەی" پێشەوا"
پەلاماریان بردە سەری نۆکەرانی"حەمەرەزا"
هەڵیانواسی ئاڵای ڕزگاری لە سەر بان
ڕووخا نەما باوی خوێنمژو ملهوڕان،
هەر ئەو ڕۆژەش چەکداری کورد، سوپای میللی
بە بڕیاری پێشەواو هاوڕێکانی
لە سەر پێشنیاری کوردێکی بە ساڵا چوو
ناوی پیرۆزی" پێشمەرگە" لە دایک بوو.

نیشتمانێک لە گوڵ

هۆ کاکی پێشمەرگە

هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
تۆ لە گیان و دەروونی چەوساوەکان دا دەژی
هەمیشە هاوڕێی چەک بڕوا و سەنگەر و کەژی
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
برسیەتی و ڕەنج کێشانت بۆتە پیشەی چەند ساڵە
ئەبێ هەڵ کەی خەبات کەی دژی ئەم ژینە تاڵە
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان



ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
بیرو بڕوا و تفەنگت، مایەی خۆ ڕاگرتنە
بەر دەوامیت لە خەبات، نیشانەی سەرکەوتنە
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
ژینی کۆشک و تەلارت بن بەرد و ناو چیایە
هەرچی ناوی سامانە شک نابەی لەم دونیایە
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
به دەنگی محەممەد جەزا

بژی بژی ئەی پێشمەرگە

ئاسمان بە تاڵ، وڵات پر خەم، ئاسۆ تاریک هیوا دەرکە
لە پڕ لە ناو دڵی هەورا، تیشکی شیرین هیوا بیرە
گەشا هەر چی کێو و مێرگە بەناوی بەرزی پێشمەرگە
بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە
هەوای داگرت مەلی ئاوات سوور هەڵگەرا ئاسۆی خەبات
گەرم بۆوە لەشی زەوی، گەلێ نەیما وەرەی ناوی
گەشا هەر چی کێو و مێرگە بە ناوی بەرزی پێشمەرگە
بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە
ئاسمان بە تاڵ، وڵات پر خەم، ئاسۆ تاریک هیوا دەرکە
لە پڕ لە ناو دڵی هەورا، تیشکی شیرین هیوا بیرە
گەشا هەر چی کێو و مێرگە بەناوی بەرزی پێشمەرگە
بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە
بە دەنگی کۆڕی هونەری حیزبی دێمۆکرات

من پێشمەرگەی کوردستانم

من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
ئەم کوردستانە ڕەنگینە کە بەهەشتی سەر زەوینە
ئەم کوردەی بەشی لەم ژینە دیلی و کوشتن و برینە
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
نامهەوێ ژینی ژێر دەستی پرە لە شوورەیی و پەستی
تا خاک وگەل ڕزگار ئەکەم سەر ئەدەم نرخی سەربەستی
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم بە دەنگی ناسر ڕەزازی
گیارەنگ





سروودی پێشمەرگە

من پێشمەرگەم سەرم بەرزە وەکو چیا
سەر شۆڕ ناکەم لە ئاست گرمەی تۆپ و بۆمبا
هەنگاو دەنێم بەرەو دوورگەی هیوای بەرزم
گەر لەشیشم دابێژ بکەن قەت نابەزم
باسکی گەلم هێزی ئەژنۆی کوردستانم
چقڵی چاوی داگیرکەر و زۆردارانم
خوێنی شەهید بەڵگەی بوونی وڵاتمە
مەشخەڵی ڕێی تێکۆشان و خەباتمە
پشت ئەستوورم بە هێزی کۆمە ڵی هەژار
گیارەنگ

ڕاپەریوم دژ بە چەوسێنەر و زۆردار
چاو نەترس و گورج و گۆڵ و تێکۆشەرم
ئاشقی تیشکی خۆری گەل و جەور لا بەرم
دەرۆم دەرۆم هەدا نادەم ڕاناوەستم
هەتا نەگەم بە ئامانج و بە مەبەستم
دوژمنی گەل وەدەر دەنێم لە نیشتمان
بە زەبری چەک بە هەڵمەت و بە نەوەستان
شێعری ئاکۆ ئەلیاسی

پێشمەرگە

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چڕ و بستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیدا کار و قەڵا ڕووخێنە پێشمەرگە
شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای ڕێبازی ڕزگاری
نمونەی هەڵمەت و هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە
لە پێناوی گەلی کورد دا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرم و کرداری بەڵا سووتێنە پێشمەرگە
لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە گیانی خۆی لە پێناوە
هیوای دوا ڕۆژ و پشتیوان و تۆڵەستێنە پێشمەرگە
دەسەلمێنێ حەقانیەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی ڕۆژی ڕزگاری، زوڵم تارێنە پێشمەرگە
گوڕ و تینی بە هێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە
دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویست و خاوەن عەقڵ و هەست بزوێنە پێشمەرگە
بە سام و هەیبەتە ساحەب ئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە ڕەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێک قرمێنە پێشمەرگە
بە زۆری بازوو قەڵت و بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە



وەکوو پرشنگی خۆری رۆژی رزگاریی سەیر کەن چۆن
گەرینی رەورەوەی مێژوو حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دە هەستن ریز گرن لەم رۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لە رێی قوربانی دانێن چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆرشا وەک تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن رێکخەری شۆرش، رەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەتۆش هاودەنگ لە گەڵیا " قادری" بروانە سەیری کە
لە چاوی دوژمنا درکە و چیا خەمڵێنە پێشمەرگە
شێعری ئەحمەد قادری
گیارەنگ

سروودی پێشمەرگە

ئەی پێشمەرگە لێت پیرۆز بێ بیست و شەشت
رۆژی پر لە هیوای گەل و روون و گەشت
کوردستانمان شاگەشکەیە بە بوونی تۆ
دوژمن قر کە بۆ سەر کەوتن برۆ برۆ
ترپەی دڵی خاکی، پاکی داگیر کراو
ئەی سمبولی خۆ بەختکەری رێگەی هەتاو
دەیان ساڵە لە پێناوی دێمۆکراسی
خوێن دەدەی و تاڵ و سوێری قەت ناناسی
تۆ پەیمانی، خۆراگری، بە ئیمانی
لە شەوی تار، گری سووری مەشخەڵانی
لە ئاست دوژمن، دەنگی نەعرەی بەرخۆدانی
قرمە و گرمەی گوللەی چەکت بە خور داکە
هێزی بۆری داگیرکەران وا وەیلا کە
بە خوێنی سوور ئازادی کورد بنەخشێنە
بەهاری ژین بۆ کوردستان بخەمڵێنە
شێعری ئاکۆ ئەلیاسی

مەرێژن بۆم فرمێسکی غەم

مەرێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
ئەو رێگای کە من بۆی کوژرام، لە ناو گۆریش دا دڵنیام
کە ئێوەی شۆرشگێری کورد، وونی ناکەن خوێن و هیوام
مەرێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
خەباتم کرد لە ژیانم، هەر بۆ گەل و نیشتمانم
دەبا لاوان لە یادتان بم، کە قوربانی کوردستانم
مەرێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
بە دەنگی محەممەد حەریری
گیارەنگ

ئەستێرەی سەربەستی

مامۆستا ئاشق

پەسنبێژیم پێ شتێکی پەسند نیە و هەمیشە خۆم لێپاراستوە، بەڵام ئەگەر تا دوایین ساتەکانی ژیانم پەسنبێژی پێشمەرگەی کوردستان"بە شەهید وزیندووەکانی‌یەوە" بم، پێم شانازی‌یە و پێشم‌وایە هەر کەمم گوتوە.

بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان. بە بۆنەی 26ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

من کوردێکی ڕاپەڕیوم
تێکۆشەری ڕێی ڕزگاریم
هەڵۆی چالاک و تیژباڵی
چیای بەرزی کوردەواریم

چەک لە شان گیان لە سەر دەستم
لاوی بە زیپک و دلێرم
ڕۆڵەی وەفاداری گەلم
نەترسم، ئازام بوێرم
******

لە بەر گورەی دلێرانەم
خوێنمژ سەری نەوی دەبێ
لە حاست هەڵمەتی شێرانەم
دوژمن نوقمی زەوی دەبێ
******

شاهیدی گیانبازیی منە
بستەبستی خاکی وڵاتم
سووره بە خوێنی گەشی من
پەرتووکی مێژووی خەباتم
****** -

من پێشمەرگەم کوڕی گەلم
بیروبڕوام ڕێنوێنە
خەبات، خەباتی بێ وچان
تا سەرکەوتنم بەڵێنە
****

ڕێگام دژوار و درێژە
مەترسیی زۆرم لە بەرە
بەڵام دەڕۆم و ناوەستم
لادەبەم کۆسپ و تەگەرە
****

ژینی خۆم فیدا کردوە
من خۆشڕابواردنم ناوێ
سەرشۆڕ لە بن سێبەر ناژیم
سەربەرزم لە بەر هەتاوێ

پشـــتم ڕەنجـــــبەری وڵاتــە
چەوســـــاوەکان پەنـــــاى منن
دوژمــــــــنمن ئەو خوێنمژانەی
بە زەحـــــمەتکێـــــشان دوژمنن
****
تیشـــکی خوێنی هاوڕێی شەهید
مەشــخــەڵی ڕوونـــاکی ڕێمە
خەبــاتی ڕابـــــــردووی گەلم
ئەزموونی ئێســـــتامە ، پــێمە
****
شــەبەقی مانــــــگی ئاواتم
لە نــێو شەوی ڕەش دەدرەوشــم
ئەستــێرەی سووری سەربەستــیم
بەرەو ئاســۆی ژیان دەخوشــم
ناســرەوم تا ئەو ســـەردەمەی
وڵات لە خۆشــــــی پڕ دەکەم
زنجــیری قورســـــی کۆیلەتی
لە پێــی گــەلم بڕبڕ دەکــەم

* ئەم شێعرە ساڵی٨٤ ی زاینی بۆ سروود گوتراوە. شەهید حەسەنی پوورخزریی هونەرمەند کە ئەوکات لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا بوو، ئاهەنگێکی سروودی لە سەر دروست کردبوو.

هەوارگەی ئاشق

بەشێک لە پەیامی کۆمیسیونی سیاسی – نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆژی ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆلە فیداکارەکانی گەلی کوردە.

هۆی دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوێکی گرینگی مێژوویی.

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا خەلک لە ریزی یەکگرتوو دا بە هەلکوتانە سەر شارەوانی مەهاباد دوایین نیشانەی دەسەڵاتی ملهۆری لەو ناوچەیەیان دا تێک پێچایەوەو لە راستای پیادە کردنی دەسەڵاتی خەڵک دا هەنگاویان نا. ئەو ڕووداوە گرینگە هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و نیشانە بوو.



یەکەم: نەمان و لە نێو چوونی دام و دەزگای ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی و نەهێشتنی بنکەی زوڵم و سەرکوت لە بەشیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دووهەم: ئەم ڕووداوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی خەڵک راستەوخۆ کاروباری ناوچەی خۆیان بەرێوەبەرن و لە راستای جێگر کردنی دیموکراسی و دەسەڵاتی نەتەوەیی دا هەنگاو بنێن.

سێهەم: لەو ڕۆژەدا بوو کە ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جاڕ وەک سەمبولی نەتەوەیی لەو ناوچانە دا کە دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتیی لێ نەمابوو بەرز کرایەوە.

دەست بەسەر داگرتنی شارەوانی مەهاباد بە خالێکی وەرچەرخانی گرینگ دێتە ئەژمار کە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی تیدا وێنا کرا و پاش چەند مانگێک لە ژێر رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە کە هەتا هەتایە لە حافیزەی نەتەوەکەمان دا وەکوو شانازی یەکی مێژوویی دەمێنێتەوە.

هەر چەند کۆمار بە هۆی پیلانی نێو خۆیی و پشت تێ کردنی دەرەکی زۆر خۆی نەگرت تا خزمەتی زیاتر بە کورد بکا، بەڵام دواتریش خەڵکی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەست کردن بەو رەسالەتەی لەسەر شانیانە لە قۆناغی جوراوجۆر و هەر فرسەتێک دا بۆیان لوا، بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانیان دریغیان نەکرد و بەگژی دیکتاتۆریی پەهلەوی دا چوونەوە.

لەسەردەمی ڕەزا خان دا باڵا دەستیی فەرهەنگی و سیاسیی گەلی حاکم دادەڕێژێ و بۆ سڕینەوەو لێکدانی پێناسەی نەتەوەیی و قەومی گەلانی ئێران هەوڵێکی زۆر دەدرێ، هەر وەها لە ڕێژیمی وڵایەتی فقیهشدا بە بیانووی ئەوەی لە ئیسلام دا لە نێوان قەومەکان دا جیاوازی ناکرێ، حاشا لە مافی نەتەوەکان کراوە و لە ئاست ویستەکانییان دا ڕێگای توند و تیژی و میلیتاریستی یان گرتووتە بەر، بێ خەبەر لەوە کە کێشەی نەتەوەیی و خەباتی لە مێژینەی کورد بەشێوەیەکی(عینی و زهنی) بەستێنێکی قووڵ و ڕابردوویەکی کۆنی هەیە. هێزی پێشمەرگەش پارێزەری مەوجودییەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر هەر دوو فاشیزمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دابووە.

هاوڕێیانی پێشمەرگە!

پێشمەرگە وەک باسکی بە هێزی گەل هەمیشە بۆ بەرگری لە مان و پاراستنی کەسایەتی نەتەوەیی بە کوڕی ڕۆژی تەنگانە حیساب دەکرێ و بە بەخشینی گیانی دیفاع لە خاک ونیشتمان دەکا و لە هیچ کەند وکۆسپێک دریغ ناکا.

ناوی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستانە، سوپای میللی کە لە پێشمەرگە پێکهاتبوو لە شکل گرتن و ڕاگرتن و پاراستنی کۆماری کوردستان دا ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی هەبوو.

هێزی پێشمەرگە بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستی یە کە پێشمەرگە باڵی چەکداری جووڵانەوەی سیاسی یە، لە قۆناغە جۆراوجۆر ەکانی جووڵانەوە دا ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی گێراوەو بووە وەدیهێنەر و دەستەبەری دەسکەوتە سیاسییەکان بووە. ئەگەر زۆر وڵات و نەتەوە مانەوەیان لە بەرامبەر شەڕ و ململانی یەکان دا قەرزداری هێزە نیزامییەکانیان بن، نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی و دەسکەوتە سیاسییەکانی قەرزداری پێشمەرگەیە

پیرۆز بێ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە لە خۆبردوە بوو

جمیل ئەحمەد بابان

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە لە خۆبردوە بوو کە خەمی نیشتمان بەبەردەوامی یەخەی گرتبوو هەرگیز بیری لە کۆلدان نەدەکردەوە ، دوژمنی سەرسەختی کوردی وەک خۆیان دەناسی و هەرگیز بڕوای بە ڕەقیبانی کورد نەبوو ، بۆیە هەر لە سەرەتای لاویدا زورکەس و بنەماڵە دەکەوتنە بیری نیشتمان و دەکەوتنە پرسیارکردن ؛ بۆ ئێمەش خاوەنی ئاڵاو نیشتمانی خۆمان نین . بۆیە نیشتمانپەروەران دەگەڕان بە دوای سەرەداوێک تا وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە بۆیە بە هەر نرخێک با لە پێناوی ئازادی کۆڵیان نەدەداو بە دوای هاوەڵێک دەگەڕا ن کەوەک خۆیان خەمی نیشتمانیان لە کۆل کردبی ، دەبینین هەردەم ڕێکخستنەکان بە تایبەتی ڕێکخستنەکانی نهێنی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان بەدوای پارێزگاری لە نهێنیەکانی نیشتماندا دەگەڕا ، تا کەسێکی وەک خۆی دەدۆزیەوە بە تایبەتی ڕێکخستنەکانی ناو شار بە خۆبەخشی هەر خۆیان بەدوای کەسێکی وەک خۆیان دەگەڕان تا کەمێک لە ئازارو مەینەتیەکانی نیشتمان لە هزریان کەم بکەنەوە تا ئەوکاتەی چ ڕێکخستنەکانی شاخ ڕێگەیان بە کەسەکە دەدا یان بە هۆکاری تر یان بە شێوازی ڕقی زۆری ئەو کەسانە کە توانای بەرگەی ستەمیان نەدەگرت، یاخود زۆر جارانیش بەهۆی سیخوری ڕەقیبانیەوە دەکەوتە داوی ڕژێم چونکە تەنها ڕەقیبانی کورد سود مەند دەبون یان کەسێک یاخود بنەماڵەیەک پێشی ئاشکرا بوون دەرباز دەبوو ئەوسا بە ئازادی چەکی شەڕەفیان دەکردە شان و زەوی سوتماکراویان ڕادەخست و ئاسمانیان بەخۆیان دادەدا ، ئەوە پێشمەرگە بوو .

پێشمەرگە تەنها مرۆڤێکی سادەو ساکار نەبوو بەڵکو لە بۆتەی هەر پێشمەرگەیەک کۆمەڵێک واتای سەرسورمان هەبوو ڕۆشنفکری و ڕۆشنبیری و بەردەوام بە خولی تەنیایی و تایبەتی و گەڕان بەدوای بیرو هزری نوی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ نوی بونەوە پەرۆش بوو ، لەگەڵ هەموو ئەمانەش هەرگیز کە بیری لێنەدەکردەوە ئەویش بێخەمی خۆی بوو ڕەنکە خەمی نیشتمان هەمووی لێداگیر کردبوو بۆیە چەک و تاقم و شرە دەفتەرو دەرزی و داوو رادیۆەکەی هەموو ماڵەکەی بوو .

نان لەماڵان و خەوتن لە مزگەوت یان بارەگای تایبەت ولەو زەویە سوتماکراوە بە گیانێکی هەرزان دەیگوزەراند، لەگەڵ هەموو مەینەتیەکان هەموو پێشمەرگە یەک بیر یەک هەڵوێست یەک فەرمانیان جێبەجی دەکرد ، کی برکی بۆ هەڵمەت بردن بۆسەرمۆڵگەو بارەگاکانی دوژمن تەنانەت بۆ شەهید بونیش پێشمەرگە پۆستەری بۆخۆی ئامادە دەکرد.

هەموو ئەو ڕاستیانەش لە هەزاران بەڵگەو نمونە لەبەر دەستدایە ، گەلێک جاریش تەنانەت پێشمەرگە تا نەکەوێتە دەستی دوژمن گولەیەکی تایبەتی لە گیرفانی هەڵگرتبو تا خۆی پی شەهید بکات ئەویش تەنها بۆ پارێزگاری لە نهێنیەکانی وڵات . پێشمەرگە لە هەڵمەتدا پڵینگ و شێر ئاسا لە ئاشتیا کۆتری سپی و لە هەوڵ و خەبات بەردەوامی تیخی دەبان بون.

پێشمەرگە تاکە شۆرشگێرێکی برِوا ئەستور بوو بە میلەتەکەی خۆی و هەموو کەسی لە خۆی خۆشتر دەویست ، ئەوەندەی خەمی نیشتمانی بوو هیچ بیری لە خۆی نەدەکردەوە و هەموو ئەمانەشی بە کردەوە دەسەلماند ، رِەنگە هەندی روداو هەیە ئەگەر بیگێریتەوە وەک چیرۆکەکانی ئیزۆپ وابی ، بەلام هەموو بەسەرهاتەکانی پێشمەرگە راستگۆیانەیە کە باس دەکرێن چ لە کونجی زیندانەکان چ ئەوانەی بەرامبەری دوژمنیان گرتبوو .

ئەو پێشمەرگانەی کە وەک مەفرزەی تایبەتی بە نێو هەزاران بازگەو کەمین و مەفرەزەی دوژمن رویان لە شارو شارۆچکەکان دەکرد لە قولای دوژمن بۆ ئەوەی سیخورێکی دوژمن یان کەسێکی خاین بە سزای گەل و شۆرش بگەیەنن ، هەزاران چیرۆکی سەیرو سەمەرەیان لایە کە رەنگە ئەگەر سیناریۆکەی بنوسرێتەوە ببێتە مایەیی سەرسورمانو بچێتە خانەی فلیمە خەیالیەکان چونکە ئەوەندە چیرۆکەکان ترسانک بوە بە تایبەتی لە سەردەمی رژێمێکی دکتاتۆری وەک رژێمی بەعسی لە ناوچوو .

لە ماڵپەری puk media

لە سەر ناوی پێشمەرگە، دوکتور رەحیمی قازی، لە کتێبی چیرۆکی پێشمەرگە بەم جۆرە دەنووسێت:

" وشەی پێشمەرگە دیاری و بیرەوەریەکی بەنرخ وخۆشەویست و بەرێزە کە لە یەکەمین کۆماری نەتەوایەتی و خودموختاری ستانەوە بۆمان ماوەتەوە.



دۆزرانەوەی وشەی پێشمەرگە بۆخۆی داستانێکە. کاتی دامەزراندنی کۆمار خودموختاری ستان، پێشەواقازی محەممەد کە گرنگییەکی زۆری ئەدا بە زمان و ئەدەبی ی، ئەسپارد بووی کە لە جیاتی وشەی سەرباز و عەسکەر و نیزامی و فیدایی ، وشەیەکی جوانی ی بدۆزرێتەوە و بەکار بهێندریت. ئینجا ریزەیەک لە نووسەران و هۆنەران و پسپۆرانی بەو ئامانجە کۆبوونەوەیەک پێک ئەهینن و چەند کاتژمێرێک وتووێژی لە سەر دەکەن و بە ئەنجامێکیش ناگەن. ێکی پیر و نەخوێندەوار و دونیا دیتوو کە لەو کۆبوونەوەدا خزمەت دەکا و نان و چایان بۆ ئەهێنی، ئەبینی کەهەموو، شەکەت بوون و چوونەتە دەریای خەیاڵەوە. لە نەکاو هەڵدەدا و دەڵێ: ئەرێ بۆ چی خۆتان لەهیچ و خۆرایی ماندوو ئەکەن. باب وباپیرانمان پیاوی ئازا و بەکاریان بە "پێشمەرگە" نێوبردووە، ئێوەش هەر ئەو نیوەی لێ بنێن. بە بیستنی وشەی پێشمەرگە یکی کوڵنەدەر و ئازا و نەترس و بەکار، ێکی نیشتمانپەروەر و رزگاریخواز و دێموکرات، ێکی ناسراو لەهەموو شوێنێک دێتە بەر چاومان.

بەبێستنی وشەی پێشمەرگە دەیان و سەدانی ئەو رۆڵە نەبەزانەی مان دێتە بەرچاو کەلەریزی خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی دا بە قارەمانەتییەکی بێ وێنە پێشوازییان لە مەرگ کردووە، هەتا دوایین هەناسەی ژیانیان وەفاداری خۆیان بە نێوی پیرۆزی "پێشمەرگە" راگرتووە، لە رێگە هەڵە نەبووە و لەمێژووی نەتەوەکەیدا داستانی قارەمانەتی پێک هیناوە. وشەی پێشمەرگە، دیمەن و روخساری ئەو پیاوە بەنرخە و بەرێزەمان ئەخاتە بەرچاو کە پیاوەتی و کارزانی و بەمشوری تایبەتی خۆیەوە بۆخزمەت بەگەل و نیشتمانەکەی قۆلی هەڵماڵی، حیزبی دێموکراتی ستانی دامەزراند و تێکۆشانی گەلەکەی بەرێگەیەکی دروست و باش و پۆختە و پێویستی سەردەمی خۆیدا بە سەرکەوتن گەیاند، ستانی بەجیهان ناساند وسەلماندی کە هێز و ئێرادە و کارزانییەکی وەهای هەیە کە لە هەموو کەسێک باشتر ئەتوانێ، کاروباری نیشتمانی خۆی هەڵسوورێنێ."

بە بۆنەی بیرەوەری ساڵرِۆژی ۲٦ی سەرماوەز رِۆژی پێشمەرگەی کوردستان

سەعید کویستانی

بە بۆنەی بیرەوەری ساڵرِۆژی ۲٦ی سەرماوەز رِۆژی پێشمەرگەی کوردستان و دامەزرانی سوپای بەرگری لە نیشتمان و کۆماری میلی دێموکرِاتی کوردستان، پرِ بەدڵ بە بۆنەی ئەو رِۆژە مێژووییە پیرۆزبایی خۆم بە سەرجەم گەلی کورد رِادەگەیەنم .

رِاشکاوانە دەتوانم بڵێم : ئەو کەسانەی کە فیداکارانە بۆ سەربەرزی ومافی پێشێلکراوی نەتەوەکەیان کارێکی مێژوویان کردوە و ئەو کارو کردەوەیەکی نیکی کە کردویانە بۆتە ئەستێرەیەکی پرِشەنگدارو لە کۆمەڵگاو ئاسمانی وڵاتەکەیاندا دەدرەوشێتەوە . من بەش بەحاڵی خۆم لە کانگای دڵەوە سەری تەعزیمیان بۆدادەنەوێنم و کرنووشیان بۆدەکەم .

پێک هێنان و رِاگەیاندن سوپای بەرگری میللی، بە نیوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بێشک هەروا کارێکی سادە و ساکارو هاسان نە بووە . کاتێ چاو لە زاهیری کارەکە دەکەین، دەبینین نێوێکە هەڵبژێردراوەو تەواو، بەڵام با بچینە بنجو بناوانی کارەکەو

لە باری سیاسی ناوخۆیی و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەو کاتی نێونەتەوەیی، دەبینین هەروا بۆ کەسانێکی کە لەو مەیدانەنەدا خەریکی وەها کارێک بوون، بە حەق دەبێ بڵێین: خەریکی دارژتنی مەترسیدارترین بەرنامەی کاری خۆیان بوونە . ئەوکەسانە خا وەنی بیرو باوەڕی پتەووهەستی بەرزی نەتەوایەتی و کارلێهاتوو بوون. چونکە ئەوکارە غیرەت ولەخۆبوردوویی گەرەکە .

ئەوکارە لە کاتیکدا کراوە کە دوژمنانی داگیرکەر دوای سەرکوتکردنی شۆرشەکانی یەک بەدوای یەکی بەشەکانی کوردستان و لەسێدارەدان و ئێعدامکردنی کەسانی وەک شێخ عەبدولقادرو شێخ عوبەیدیللاو سەید ڕەزاودەرسیم و هەروەها ترۆر کردنی سمایلاغای سمکۆ) بوون . هەر دوای سەرکوتکردنی ئەوشۆرشە مە زنانە بووکە دوژمنانی داخ لەدڵی هەر چوار



پارچەی کوردستان هەمو پێکەوە وێکرا لە دژی گەلی کورد چەندین پەیمانی جۆربەجۆریان بەستوولە نێو خۆیاندا بە ئیمزایان گەیاند کە یەکێک لەو پەیمانانە پەیمانی شامی سەعداباد بوو کە لە نیوان ڕەزاشای پەهلەوی و کەماڵ ئەتە تورک دا بۆ زیاتر سەرکوتکردن و ناهومید کردنی گەلی کورد پێک هاتبوو .

لەوکاتە هەستیارو پڕ مەترسیدارە دابوو بۆ بەئیسپات گەیاندنی مەوجودیەتی کورد، بە ئیبتگاری گەورە پیاوێکی وەکوو پیشەوای شەهید قازی محمەدی نەمرو هاوڕێیانی، کە پێشتر بۆچەکدارکردنی کورد کاری بۆکرابوو، بە پرسیار لە پیرە پیاوێکی بە ئەزموون، نێوی پێشمەرگە دیاری کراو سوپای کوردستان بە نێوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نێودێر کراو پێکهات لەوکاتەوە تا ئێستا پێشمەرگە لە هەڵسو کەوتو ڕاپەڕینەکاندا بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن بۆسەرناوچەکانی کوردستان، تەنیا پێشمەرگەی کوردستان بووە لەخۆبوردوانە وەک هێزێکی ڕەسەنی کوردی بەگژدوژمندا چۆتەوەوبرگری کردووەو فیداکارانە گیان لەسەردەست بەپێی توانا بۆپێشگیری لە زوڵمو زۆری هەوڵی داوەو خوێنی ڕژاوە .

دوا بەدوای شۆرشی گەلانی ئێران، هێزی پێشمەرگە لە هەموو شوێنێکی کوردستان دامەزرا ، دوازدە هەزار پێشمەرگەی پێگەشتوونا پێگەیشو لیستی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی پێک دێنا، بەڵام ئەوەندەمان لیزان و پسپۆڕی نیزامی نەبوو کە بتوانێ لە پێگەیاندنی ئەو هێزە گەورە نوێیە دا نەخش و کاربوردی هەبێت بەداخەوە لە ئەسەری نەزانینی فتووفەننی نیزامیگەری پێشمەرگەیەکی زۆرمان بەهۆی ناشارەزایی لەشەڕ لە گەڵ دوژمندا شەهید کران . بەراستی خەسارەتێکی گەوری مێژوویی بوو، کە جێگا پڕکردنەوەیان دژوارە .

سەرەڕای کەموکوڕی ئەوهێزە پڕشووبڵاوە، چۆنیەتی وەزعی ناڕوونی ڕژیمی مەکرو تەزویرو فریو، مەجالی ئەوەی بۆ بەرێوەبەرانی حیزبەکەمان نەهیشتەوە کە بتوانێ چاری ئەو شڕوشپڕێویە بکەن. بە پێی ئاماری حیزبی پتر لە نیوەی ئەو هێزە، لە تێکهەچوونە نابەرابەریەکانی رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی شەهید کران . واتە بە پێی ئەو حیسابە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگە بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەکەمان

لەمەیدانی خەباتو بەربەرەکانی لە گەڵ رژیمی کۆنەپەرستی ئێران، خوێنی سوریان رژاوەو ئەو بەربەرە کانیە مێژوویە نێوو مەقاموسەربەرزی پێشمەرگەی بە سەبت گەیاندووە . گەلی کورد زۆری لەوبارەوە خەسارەت پێگەیشتووە . هەروەک عەبدوللا پەشیوی شاعیری مەزنی گەل ، کورد پێناسە دەکاو دەڵێ : لە بن هەر دارێک، لەبن هەر گابەردو ئەشکەوتێکی ... ئەو کوردستانە سەربازێکی ون کورد نێژراوە .

لەکۆتاییدا زۆرتان سوپاس دەکەم و چیتر وەختتان ناگرم و هیوادارم گەلی کورد هەروەک تا ئێستا یارو یاوەرو پشتیوانی پێشمەرگە بووە، پەرەدارتر بێ، بێشک ئەو پشتگریە دەبێتە هۆی درێژتر بوونی خەبات و بەربەرەکانی لە دژی دوژمنانی داگیرکەر بۆ وەدی هێنانی مافی زەوتکراوی نەتەوەکەمان .

کوردستان میدیا

پێشمەرگە- ناوی پیرۆزترین مرۆڤەو چقڵی چاوی دوژمنانە

ئاسایش عوسمان دانش - سوید

پێشمەرگە لە دۆینێدا کە پارێزگاری لە خاکی پێشمەرگە لە ئەمرۆدا کە پاسەوانی لە خاکی هەرێمی کوردوستان و مرۆڤی کورد کردوە بەدرێژایی مێژووی کوردوستان ئەو ناوچانە دەکات کە دەگەرێنرێتەوە سەرخاکی شۆرشی کورد لە باشوردا. هەرێمی کوردوستان.

ڕاستیەکی مێژوویە کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ڕەمزو وسمبولی ئەو مرۆڤە بە ئەمەک وەفا دارو گیان بازو لە خۆ بردو و گیان لەسەر دەستەیە کە هەمیشە ژیانی خۆی بەخت کردوە لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیا و مەشخەڵ گڵپەو داینەموی گشت شۆرشەکانی باشور و هەموو پارچەکانی تری کوردوستان بوە ، بێ پشت و پەنا پارێزگاری لەخاکی موقەدەسی کوردستان و گێانی مرۆڤی کورد کردوە ، پێشمەرگە ئیلهامی ئازایەتی و مەردایەتی لە خۆ بردویی و باوەڕ بە خۆ بوون لە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیەوە وەر گرتوەو وەک سەربازێکی سوپا نەبوە مەشق و ڕاهێنان بکات بۆ فیربونی هونەری سەربازی ، شاخەکانی کوردوستانیش هەموو کاتێک لانەو شۆینی تێکۆشان و خەباتی بە جەرگانەی ئەم ڕۆڵانە بووە.

لە گشت ڕوداو کارەساتێکی ناخۆش دا پشتیان نەکردۆتە نەتەوەکەیان قوربانیان داوەو گیانیان فیدا کردوە و خۆینیان ڕژاوەتە سەر هەموو بستێک و تاشە بەردێکی ئەم خاکە ، لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقیشەوە بە فەرمی بونەتە پاسەوانی سنور و پارێزگاریان لە خاکی کوردوستان و بگرە زۆر پارێزگاو شۆین و ناوچەی تری ئێراق کردوە ، وەک پارێزگای { دیالەو سەلاحەدین و بەغداد } و شۆینی تر ، هەر کاتێک لەهەر شۆنێک دا پێویستیان بە هێزی پێشمەرگە بوێ و سەرکردایەتی کورد ڕازی بونی خۆی لەسەر بەشداری پێشمەرگە

دابێ فەرامۆش نەکراوە ، نمونەش بۆ ئەم بەشداری بونە ناردنی پێشمەرگەیە بۆ ئەو شوێن و ناوچانەی گیرو گرفتی زۆری لێ هەیە و داوای بەشدار بوون و خزمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردوستانیان کردوە ، بەو دوایانەش سەرۆک و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق داوای هێزی پێشمەرگەیان کرد بۆ پارێزگاری کردنیان هەر چەندە ئەمانە زۆریان سەر بە حیزب لایەنەکانی بەشداربووی حکومەتی ئێراقین خۆیان خاوەن هێزی چەکدارو میلیشیایان هەیە ئەمەش دەلالەت لە پاکی و ئازایەتی پێشمەرگە دەکات.

بەڵام ماوەیەکە چەند ئەندام و پەرلەمانتارێکی بەرەی تەوافق و العراقیەو بەرەی تورکمانی و پاشماوەی بەعسیەکان و دام دەزگاکانیان بە جۆرەها ڕێگا دەیانەوێ ناوی پێشمەرگە بزرێنن جۆرەها تومەت و ئاستەنگ دروست دەکەن لەوانە لەم ڕۆژانەدا { ئوسامە نجێفی و حەنین قەدۆ و عزەدین دەوڵە و ئەمین فەرحان و پێشتریش محەمەد تەمیم } و چەندانی
تریش لە لێدوان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکانیان دا دەیانەوێ بە زۆر بیسەلمێنن کە هێزی پێشمەرگە میلیشیایەو پێویستە حکومەتی ئێراقی لێیان بدات و هەڵ بوەشێنرێنەوەو لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک و دیالەو سەلاحەدین دەربکرێن و نەیەڵن هەردوو حیزبی { ی . ن . ک و پ . د . ک } لە هەڵبژادنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان دا بەشداری بکەن ، ئەمانە ڕقیان لە کوردە لە مێژەوە داخ لە دڵن ئەم لێدوانەنەشیان سەلمێندەری مایە پوچی خۆیان و بەرەو و ئاغاکانیانە چونکە دەیانەوێ خەلک هان بدەن دژی کورد و هێزی پێشمەرگە و فیتنەو ئاشوبە دروست بکەن هێزی پێشمەرگە بە وان لە ناو نابرێت لەکە دار نابێت ، بە دەیان ساڵ بەرەنگاری گەورەترین و دڕندەترین سوپا بونەوە کە بەبێ ڕەحمانە و بێ هیچ یاسایەک کەوتبوە گیانی کورد و هێزی پێشمەرگە بەو هەموو تۆپ و تەیارە و چەکە زۆرو قەدەغە کراوانەوە ئەنفال وکیمیا باران و جینۆسایدیان ئەنجام دا، نەیان توانی ورەو هێزی پۆڵاینیان پێ لەق بکەن لەناویان ببەن ئەمرۆش هێزی پێشمەرگە لە هەموو کاتێک بە هێزترە ، ئەگەر ئەمانە ماوەی پێنج ساڵە هاتونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و دەیانەوێ بونی خۆیان بسەلمێنن وهێزو دەسەڵات بگرنە دەست بزانن هێزی پێشمەرگە کێن و دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان دان ، با دەرس لە ڕابردو وەرگرن چاکترە، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی گەلەکەمان و سەرکەوتن و سەرفرازیش بۆ هێزی لە بن نەهاتو و قارەمانی پێشمەرگەی کوردوستان

کڵاورۆژنە

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە

ڕەحمان نەقشی

گەردەڵێن سەرماوەزە و سەرما دەڵەرزێنێ دڵان
من دەڵێم گەرم و بەتێنە هەر بەهارە بۆ گوڵان
بەڵگەشم ڕۆژی لە دایک بوونی پێشمەرگەی گەلە
گەش دەکا سەدها هەزار دڵ وەک گڵوگی سەر چڵان

مامۆستا بێ بەش

خەباتی خوێناوی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس، سەدان ساڵە درێژەی هەیە و لەپێناوی دا هەزاران ڕۆڵەی پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی شەهید و نیشتمانی کاول و ویران کراوە. بەڵام ئەو گەلە بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێمۆکراسی و مافەرەواکانی هیچ کات لە خەبات و تێکۆشان نە وەستاوە و بە هەر شێوەیەک کە بۆی گونجاوە دژی داگیرکەران ڕاپەڕێن و جووڵانەوەی شۆڕشگێرانە و حەقخوازانەی وەرێ خستووە.
ڕۆڵی سەرەکی خەباتی چەکدارانەی ئەو راپەڕێن و جووڵانەوانە لە ئەستۆی ڕۆڵە فیداکارەکانی گەل واتە پێشمەرگە بووە...
پێشمەرگە، گیانفیدای وەدیهاێنانی ئامانجەکانی گەل و نیشتمان . .
پێشمەرگە، ئەو کەسەی کە گیانی پاکی فیدای ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەی دەکا...
هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵکیش وەک هێزی رزگاریدەر چاویان لێ کردوون و ڕێزو حورمەتی تایبەتیان لێناون. هەروەها لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕۆژێکی تایبەت (٢٦ی سەرماوەز)ی بۆ ڕێز لێنان لە خەبات و فیداکاری پێشمەرگە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کردوە.

له ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ دا کە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، ئەرکی سەر شانی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کوردە، کە بۆ پێزانین و ئەمەگناسی سەبارەت بەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی پێشمەرگە پێویستە جوانترین و گەرمترین پیرۆزباییان بەم بۆنەیەوە ئاراستە بکا و لە بەرانبەر لەخۆبردوویی و فیداکاری و دڵسۆزیان دا سەری نەوازیشیان بۆ دانوێنێ.

سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

پێشمەرگە لوتکەی بەرزی مرۆڤایەتی

٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە، هەڵۆی چیای سەرکەش و کوڕی تەنگانە و ڕۆژە ڕەشەکانی مێژووی پڕ لە حەماسە و خوێن پیرۆز بێ! هەرچەندە کە لە مێشکی خۆمدا هێنام و بردم کە چەند دێڕێک بۆ ڕێزگرتن لەو هەموو فیداکارییەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیشانی داوە بنووسم، هەر دەستەوەستان مامەوە و کەمم هێنا. ئاخر ئەگەر هەموو پێدەشتەکانی گەرمیان بکەمە لاپەڕ، ئاوی هەموو هەنارەکانی شارباژێڕ و بەڵاڵووکانی باخی میراوای بۆکان و هەموو گوڵە سوورەکانی داوێنی چیای تەرەغە بکەمە جەوهەری پێنووسەکەم، بۆ بۆنخۆشیی بابەتەکە هەموو سوێسن و بەیبوون و ڕێحانەی چیاکانی قەندیل و داڵانپەڕ و گیارەنگ و بەیان و شاهۆ و کۆساڵان و سەرتوون کۆکەمەوە تا کاڵای بەقەد باڵا بۆ پێشمەرگەی کوردستان بنووسم هەر کەم دێنم.

بەڵام با سووکەئاوڕێک لە ژیانی تۆ بدەمەوە. بزانم بۆ ئەوەندە خۆشەویستی؟! بۆ ئەوەندە فیداکار و خۆنەویستی؟! تۆ تا کۆماری کوردستان هەروەک چەکدارێکی شۆڕشگێڕ بووی؛ کۆماری کوردستان ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لێنای! لەو کاتەوە تا ئێستا هەر وا وەفادار بە ڕێبازەکەی قازیی هەمیشەزیندوو ماویەتەوە. بەڕاستی ئەمەگناسیی خۆت نیشانداوە بەو ڕێبازە.

لە ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ لەگەڵ شەریفزادەکان و موعەینییەکان جارێکی دیکە هاتییەوە مەیدان. هەر وەک ئەو کاتە سەید کامیلی ئیمامی تۆی بە "خاسەکەو" شوبهاند کە "خاڵی ڕەش و سوورت بەجووت ڕشتووە"؛ ئەو کاتەی کە ڕاوچی بۆ لەداوخستنت کێوماڵی کوردستانیان دەکرد، بەڵام تۆ هەر وەک خاسەکەو لە بەندەنێ مایەوە و بانگی کوڕ و کیژی گەلەکەت کرد بۆ ئازادی و ڕزگاری.

کە دەکەومەوە بیری دوکتور قاسملووی مەزن و ڕێبەر و دەچمە نێو دێڕەکانی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا" دەبینم کە قاسملوو هەموو کات یار و یاوەری تۆ بووە، هەر بۆیە ئێستا و تا بەئەبەد بۆتە تاجی سەری تۆی پێشمەرگە. من دەنگی تۆم هەموو ڕۆژێ لەنێو وتارە بەنرخەکانی دوکتور شەرەفکەندیی زانادا لەسەر شەپۆلەکانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" دەبیست کە دەبووی بە میوانی هەموو ماڵێکی کوردستان و بە شەوق و عەلاقەیەکی یەکجار زۆر گوێیان بۆ ڕادەدێرای. دەکەومەوە بیری ئەو کاتەی خوالێخۆشبوو کاک سەید سەلامی عەزیزی وەک تێکۆشەرێکی ڕێبازە پیرۆزەکەت هەر لەبیری تۆدا بوو تا بێ نان و خۆراک و تەقەمەنی نەبی.

کە دەچمە نێو لاپەڕەکانی "نیوسەدە تێکۆشان"ی مامۆستاوە درێژەدانی ڕێگای قاسملوو و شەرەفکەندی و یار و یاوەری پێشمەرگە دێتەوە بیرم. لە ڕێپێوانێکی مێژووییدا چاوم پێت دەکەوێ کە بۆ دیتنی دوکتۆر قاسملووی مامۆستا بەنێو ئاگر و ئاسندا ڕێگە دەبڕی تا لە ئۆردوگای "زەڕایین" گوێ بۆ وتە بەنرخەکانی قاسملووی سەرکردەت ڕادێری و بیکەیە چرای ڕێگای خەبات و هەر درێژەدەری ڕێگا پیرۆزەکەی بی. هەر لەوێوە کە بۆنی خاکی نیشتمانتان لەگەڵ جلوبەرگ و پێڵاوەکانتاندا هێنابوو ئێستاش بە جلوبەرگەکانمەوە ماوە.

ئاخر ئەی هاوڕێی پێشمەرگە، من چیم هەیە؟ من چ شک دەبەم تۆ نەبی؟ سپاس بۆ ئەو هەمووە فیداکارییە. تۆ کە لە مەیدانی ڕەزم و حەقستاندندا خەباتت کرد و شەهید بووی، دایکی نیشتمان بە باوەشێکی ئاواڵاوە وەریگرتی. یان کە بووی بە گوڵە پەڕپەڕبووکانی (کەمئەندام) نێو داستانی خەبات و خوێن و کۆڵنەدان، هەموو ئەو فیداکارییانەت لەبەرچاومانە. ئێستاش کە لە مەیدانی خەباتدا ماویەتەوە، هێزی ئەژنۆ و بیلبیلەی چاوی هەموو کوردانی. هەروەک هەمیشە ئازادی لە لوولەی چەکی تۆرا دەبینین.

چ بنووسم؟ تۆ هێندە بەرزی دەستی هەڵبەست و نووسین پێت ناگا! تۆ نەبوایەی ئێستا ئێمەی کورد دەبوایە بۆ دیتنی مرادخانی و پێچی ڕیشوودار و شەدە و سۆرانی و دەسماڵی پووڵەکەدار و تاسکڵاو و هەموو ئەو شتە زەریف و جوانانەی کە هەمانن، بۆ کەلتوری باب و باپیرانمان دەبوایە لە مۆزەخانەکانی جیهاندا بگەڕابایەین. تۆ میللەتێکت لە فەوتان ڕزگار کرد! تۆ باسکی بەهێزی گەلی کوردی! سوپاس بۆ ئەو هەموو شتە جوان و بەنرخانەی کە بە فیداکاریی خۆت بۆ گەلی کوردت پاراستت یان بە دیارییت هێناون.

وەک چۆن خۆر لە دڵی دەریا دەدا، دەیکاتە هەڵم و دەچێتە ئاسمان و دەبێتە باران و دیسان دەبارێتەوە سەر دەریا، ئەمنیش هەر ئاوا خولدەخۆم و دوبارە دەگەڕێمەوە سەر سەردێڕی بابەتەکەم و دەڵێم پێشمەرگە بەڕاستی لووتکەی بەرزی مرۆڤایەتییە.

لە کۆتاییدا ئەو شێعرەی مامۆستا پەیمان دەڵێمەوە کە:

"دوێنێ ڕۆیشت، ئەمڕۆ دیارە و سبەی نامۆ
تۆ لە گەشتیانەوە سەردار
وەک گوڵی نموونەی بەهار

ئەی پێشمەرگە"

* * *

بژی پشمە رگە

هەلوکانی کوردستان

لە بەرەبەری رۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا

ئایەت مرادی فەر

بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەکەمان لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ ، بە دەست بەسەر داگرتنی شارەبانی مەهاباد لە لایەن خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە و لابردنی دوایین ئاسەواری رژیمی پەهلەوی، خەڵک توانی ببێتە خاوەنی دیاری کردنی مافی چارەنووسی و دروست کردنی هێزێک بە نێوی پێشمەرگە و دواتر ئەو رۆژە بە نێوی رۆژی پێشمەرگە دیاری کرا.

بۆ رزگاری نەتەوەیەکی بندەست تێکۆشان و فیداکاری هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە پێویستە، بەو مانایەی کە هەر کام لە رۆڵەکانی ئەم گەلە بە گوێرەی هەلومەرج، ئەرکی سەرشانیانە بۆ رزگاری نەتەوەکەیان، کە لە راستی‌دا رزگاری خۆیانە تێ بکۆشن.

پێشمەرگە کێیە و ئەرکی پێشمەرگە چییە؟ پێشمەرگە ئەو ئینسانە بە ورەیە کە لە پێناوی ئامانجێکی رەوادا هەموو گیانی خۆی کە خۆشەویسترین سەرمایەی هەر ئینسانێکە قوربانی دەکا، لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگە هێمای ئازایەتی و، پارێزەری شەرەف و لە خۆبوردووییە، پێشمەرگە خاوەن ئیرادەیەکی تایبەتە کە خەڵکی کوردستان بە رەمزی سەرمایەی وڵاتەکەیانی دەزانن. ئەرکی سەر شانی پێشمەرگە ئەوەیە کە بۆ پاراستنی خاک و سەروەری وڵاتەکەی ئامادەی هەر جۆرە فیداکارییەک بێت.

گەلەکەمان بە درێژایی مێژوو لە سەدەکانی پێشوودا بە هۆی ژێر دەستەیی و نەبوونی ئەزموونی سیاسی و حکومەت داری لە ناوچە، نەیتوانیوە بە ئامانجە پیرۆزکانی بگات. ئەگەر چی لە ئاستێکی یەکجار زۆریشدا تێکۆشانی هەبووە بەڵام بەو هۆکارانەی کە باس کران بە مەرامی خۆی واتە رزگاری کوردستان نەگەیشتووە.

شەڕەنگێزی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئینقلاب و خەباتی چەکداری پێشمەرگە.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی گەلی کورد هەر زوو بە ماهییەتی ئەم رژیمەی زانی و هەوڵی دا کە لە بەرامبەر هەر هێرشێکی ئەم رژیمەدا بۆ سەر کوردستان بێ هەڵوێست و بێ وەڵام نەمێنێتەوە. بۆیە رژیم وا بە پەلە هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ کوردستان نارد و رێبەری ئەم رێژیمە فتوای جیهادی بۆ سەر نەتەوەکەمان دەرکرد، بزووتنەوەی کورد و هێزی پێشمەرگە ناچار بوو لەو بەشەی کوردستان بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان لە بەرامبەر هەر جۆرە هێرشێکی داگیرکەر بێ وەڵام نەمێنێتەوە.

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک نەیاری گەلەکەمان پێیان وابوو کە شەڕی پێشمەرگەی کوردستان لە گەل هێزی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە هۆی دواکەوتووی وڵات و ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە کوردستان لە حاڵی گەشە کردن دا دەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیرمان نەچێ کە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لە نێو بردنی بزاڤی کورد کۆمەڵێک جاش و خائینی لەم بارەیەوە ساز کرد و نێوی پێشمەرگە موسوڵمانەکانی لە سەر دانا، کە چی هەر ئەم پێشمەرگە موسوڵمانانە بوون کە لە پێناو سیاسەتە چەوتەکانی رژیمدا وڵاتیان فرۆشت و و رۆڵەی کوردیان بە دەستی کورد کوشت. بەڵام لە راستی دا ئەوان بوون بە رووڕەشی مێژوو و پێشمەرگەش هەر سەربەرز و رووسووری مێژووی نەتەوەکەیانن و رەمزی مانەوەی گەلی کورد.

باشووری کوردستان و پێشمەرگە

بە خۆشحاڵییەوە دوای چەند دەیە لە خەباتی بێ وچانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە باشووری کوردستان گەلەکەمان توانی لەم بەشەی کوردستان بە مافەکانی شاد بێت و لە ژێر دەستەیی رزگاری بێت و ئومێدێکی زیاتر بە پارچەکانی تر بدا، بەو هیوایەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە ئامانجە رەواکانیان بگەن و دەستی رەشی داگیرکەر لە سەر کوردستان نەمێنێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بە ئاستێکی وا بگات کە رۆژێ خۆی لە ریزی یەکێک لە ئەرتەشە گەورەکانی دنیا ببینێتەوە.

هەر پیرۆز بێ رۆژی پێشمەرگە، لە هەموو خەڵکی کوردستان.

نووسین: ئایەت مرادی فەر

بەیان /١٤ / ١٢ / ٢٠٠٩

هەر خەباتکارێکی کورد لە شاخ و شار پێشمەرگەیە

پەیکەرەی پێشمەرگە

خاڵە قازی

بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوز ڕۆژی پێشمەرگە

کاتێ کە ڕوانیم لە کتێب و داستان
هاتە بەر چاوم یۆنانی باستان
پەیکەری شەڕو سوڵحیان دانابو
ناوی خودایی خۆیان لێنابو
بۆ وێنە وێنوس خوای جوانی بو
زێئوسیش خوای نافەرمانی بو
کوتم با ئێمەی کوردی بێ سنور
ئێمەی لە کتێب و لە داستانیش دور
پەیکەرەیەکی جودامان هەبێ
بۆ فیداکاری خودامان هەبێ
دەستم کرد بە قورِ شێلان ئەو شەوە
مایەی پەیکەرەم وا کۆ کردەوە
لە فیداکاری،هەم لە گیانبازی
لە سەر بڵیندی و لە سەرفەرازی
لە بەردی چیا و تەپ و تۆزی خاک
لە ئاوی کانی ،لە ڕوباری پاک
لە گۆمی مەند ولە چۆمی خوڕێن
لە سێڵاوێکی سینگی بەرد دڕێن
لە هەڵمەتی شێر، لە چاوی هەڵۆ
لە هەورازی توند،هەرد و کەژ و کۆ
لە ئازایەتی و نەترسی بەور
لە سەختی ژیان،جەفا و جەور
لە خانوی کاول،لە گوندی سوتاو
لە هەناسە و لە فرمێسکی چاو
لە گەرمی هەتاو،لە سێبەری دار
لە بارانەیی شەوانی قەرار
لە لورەی گورگ،لە پەنجەی پڵەنگ
لە گرمەی تۆپ و تەقەی کاتی جەنگ
لە بۆنی باڕوت،لە خوێنی ڕژاو
لە زامی قوڵ و لە ئێسکی شکاو
لە ورەی بەرز،لە خۆڕاگری
سووربون لە ڕێی حەق،لە پێداگری
لە قەتیس مانی فرمێسکی دایە
لەو ئاواتانەی لە دڵمان دایە
لە ڕەنگی سەوز و سپی و زەرد و سوور
لەو چوار بنارەی کرانە سنوور
لە بەرد بە بەردی چیاکانی کورد
لە هەموو هیوا بەرزەکانی کورد

گشتیم تێکەڵ کرد،کردمە پەیکەرە
کردمە پەیکەرەی خوایەک لەو سەرە
کردمە پەیکەرەی مەزهەری نەجات
کردمە پێشمەرگەی ڕزگاری وڵات
١٣٦٢ کۆنەدێ

گوڵم پارچە هۆنراوەیەکی مامۆستا بێبەش بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە



بێبەش

گوڵم
پۆلە هەنگی خۆشەویستیت
هاتە سەر گوڵی دڵم
چی شیرەی بوو هەمووی کێشا.
نازانم نا
بردی و کردی بە کامی کامە سوڵتانێ.
ئێستا گوڵم
دڵم گڕووی گرتووە و دەڵێ
ئەو شیرەیەم دەوێتەوە.
بۆم ناحجمێ، بۆم ناسرەوێ
بۆتە گڕ و مافی دەوێ .
من سوڵتانی نێو تەلار و
مردووی زۆر و تەختی شا نیم
شیرەی دەماری خۆم بەسە
هی کەسی دیم پێناکەوێ
بەڵێ پێشمەرگەیە گوڵم
بەڵێ کوردستانە دڵم
١٣٩٠/٩/١٩

فیداکاری پێشمەرگە ڕەمزی هەرمانی نەتەوەکەمانە

هاوڕێیانی خۆشەویست!
پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی گەل!
کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە ئێوە رێبوارانی رێگای ئازادی و نیشتمان پەروەرانی کوردستان دەکەین.
دەستی ماندوویی و زەحمەتکێشانەتان دەگوشین و سەربەرزیتان لە ژیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازین.
ئەگەرچی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆتە هیوا و سەمبولێکی نەتەوەیی و لەمێژ ساڵە ئومێدی رزگاریخوازیی خستۆتە نێو کۆمەڵانی کوردستان و لە هەمان کات دا ئەرکی پاراستنی نیشتمان و کلتوور و هەموو بەها نەتەوەییەکانی بۆ نەتەوەکەی لە ئەستۆ بووە، لە بیر و باوەڕیشدا لە هەموو هەل و مەرج و ساتێکدا نوێنەری زانست و بیری پێشکەوتنخوازانە بووە. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە مافی رەوای خۆی پێدراوە بە نێودێر کردنی رۆژێک بە ناوی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ئەم حیزبە بە تێگەیشتن و هەست بە بەرپرسایەتی کردن رێزی لە زەحمەت و ماندوویی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان گرتوە. سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی کوردستان.

ڕێز لێنان و پێزانین لە دەسکەوتەکانی پێشمەرگە بە ئەرکێکی نیشتمانی دادەنرێ و هەر بەو پێیەش بەجێییە کە جێ پەنجەی ڕۆڵە شەهیدەکانیش مان لە کاروانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دا ڕێز بگرین و دەستخۆشانە بڵێین بە بنەماڵە سەربەرزە پێشمەرگە پەروەرەکانی کوردستانیش کە ڕۆڵەکانیان بوونەتە جێگای هیوا و ئومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پیرۆز بێ ، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرجەم پێشمەرگەکانی کوردستان!

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵاهەڵگری ئاشتی- ئازادی- دێموکراسی و خەباتی نەتەوایەتیی!

سڵاو لە پێشمەرگە هێزی لە بڕان نەهاتووی گەل!

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٦ی هەتاوی

پێشمەرگە

ماموّستا ئاشق

ئەگەر ئەم شێعرە گرژ و بە تەوژم و هەڕەشەیە، هەست و دروشم و مانای تێکەڵ کردوە و بانگی بەربەرەکانی، بەرگریکردن و فیداکاریی تێ دا بەرز کراوەتەوە، بە سروشتی بزانن، چونکە دە سەردەمێک دا گوتراوە، کە پاسدار و چەکداری دڵڕەشی داردەستی داگیرکەری زۆردار، کۆ کۆ پیاو و ژن، پیر و لاو و ساغ و پەککەوتەی کوردیان لە گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئێندرقاش، سەروکانی، سۆفیان و زۆر شوێنی دیکە لە سەرانسەری کوردستان قەتڵ و عام دەکرد، ڕشتنی خوێنی کوردیان بە حەڵاڵ دەزانی و بە کردەوەش هەرچی لەو بارە و لەم بوارە دا بۆیان کرابا، درێغییان نەدەکرد.

ئەو کاتە بە ڕوونی دیار بوو کە : " دار لە دار و بەرد لە بەرد دەگەڕێتەوە" ٭ و هەر بۆیەش کوردی ئەو مەڵبەندە لە نانی شەوێ زیاتر پێویستیان بە پێشمەرگە هەبوو، چونکە دیالۆگ و میالۆگ لە قامووسی دوژمن دا نەبوو و مەودای باس لە دێمۆکڕاسی، مافی مرۆڤ و تەنانەت بەزەیی هاودینی، ئەرکی بەیەکەوە ژیان و ئەمەگی جیرانەتیش بە قەدەر پانایی ڕیشی قتوادەرە کۆنەپەرستەکان و فەرماندەرە هێرشکەرەکان نەمابۆوە. زمان تەنیا زمانی چەک و بەرگری بوو. هەتبا، وێدەچوو دەرەتانی مانت هەبێ، نەتبا، ئیدی دیار بوو چت بە سەر دەهات. یان ڕەو یان ئەلفاتیحا..

من ئەوکات ئەم شێعرەم بۆ ئەو قارەمانانە گوت کە دەمدی چۆن سینگیان کردبوە مەتاڵی بەرگریی لە خەڵکەکەیان و و بە دەست و دڵاواڵەییەوەئامادەبوون گیانیان لەو پێناوە دا ببەخشن، کە زۆریشیان بەخشیان.

مێژوو ئەو کاتە ناسکانەی تۆمار کردوە و یادی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەش هەر لە دڵان دا دەمێنێتەوە.

- خوێندنەوەی شێعر: ئاشق / ١٩٨٠ (١٣٥٩ ی هەتاوی)

دوژمنی بەدفەڕ بزانە من فیداکاری گەلم
لاوی پێشمەرگەی بە جەرگ و شانی زۆرداری گەلم
بانگی ئازادیی وڵات و دەستی هاواری گەلم
گیانفیدام بۆ نیشتمان و هێزی چەکداری گەلم
چوکڵی چاو، ناسۆری جەرگی دوژمنی هاری گەلم.
چەکبەدەستم بۆ نیگابانی لە خاکی نیشتمان
ئەرکی سەرشانم دەزانم بۆیە قەت نادەم وچان
پڕ بە دڵ هاوار دەکەم کاتی شەڕ و دوژمن کوتان:
"یان بە سەربەرزی شەهیدبوون، یان بە سەربەستی ژیان"
شەرتە ناوەستم هەتاکوو ڕۆژی ڕزگاریی گەلم
هاوبەشی خەڵکی هەژارم من لە شین و شاییدا
خەمڕەوێنی خەڵکی چەوساوەم بە بێ فێڵ و ڕیا
هاودەم و خەمخۆری داماوم لە شار و دێ و چیا
چونکە ڕۆڵەی ئەو گەلەم هەرگیز لە گەل نابم جیا
گیانلەمستێکی بە نرخی پاک و ساکاری گەلم



هێرشی دوژمن کە دێ ئازا لە سەنگەر جێ دەکەم
سینگی ناپاکی نیشانەی برنەو و ژێ – سێ دەکەم
وەک پڵینگی نێری کوێستان سەد برینی تێدەکەم
یان وەکوو شێر دەیشکێنم لاشەکەی بەرپێ دەکەم
نایەڵم داگیر بکا ئاو و زەویوزاری گەلم
ناشکێم و نارەوم سەرکەوتنیش هەر بۆ منە
ملکەچی و سەردانەواندن بۆ نەیار و دوژمنە
ئەو کەسەی بۆ گرتنی خاکم مەبەستی هاتنە
بێگومان ئەو شێتە بڕیاری لە سەرە خۆکوشتنە
چونکە دەرناچێ لە ژێر زەبر و پەلاماری گەلم
لاوی ئازای کوردم و مافی ڕەوای خۆمم دەوێ
نابەزم، من ناسرەوم تاکوو خەباتم سەرکەوێ
پاسەوانی نیشتمانم هەوڵ ئەدەم ڕۆژ و شەوێ
شۆڕشم بەرزە ورەی ئیدی بە دوژمن نارەوێ
دێتە دی بەوزووانە ڕۆژێ مەرج و بڕیاری گەلم
من بە بایی خوێنی ئاڵم قەول و پەیمانم هەیە
تا زمانم وێژەر و تاکوو لەش و گیانم هەیە
تا لە سەر ئەو نیشتمانە دەرفەتی مانم هەیە
تا لە شان و دەست وسینگا هێزی لێدانم هەیە
"ئاشق"ی گیانباز و پێشمەرگەی ئەویندارى گەلم

---

* "دار لە دار و بەرد لە بەرد دەگەڕێتەوە"، پەندێکە لە پەندە جوانەکانی پێشینیان. / هەوارگەی ئاشق

بۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

ڕەحمان ئیبراهیم زادە، سویس.

زۆر نوسەرو قەڵەم بە دەستی بەتواناو روناکبیری شۆرشگێرو بیرمەند، لە سەر ناوی پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگە، نوسیویانەو ئەو ناوە زۆر ئاشنایەو پێویست ناکەت من لەو نوسراوە دا هیچی لەسەر بنووسم. بەڵام لە بەر ئەوەی من بۆ خۆم ١٦ ساڵ پێشمەگە بووم و حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەم بە چاوی خۆم دیوە، دەمهەوێ لەو ڕۆژە دا لە بەرانبەری ئەو ناوە پیرۆزەدا هەستی خۆم دەربرم .

پێشمەرگە، چیت لە سەر بنوسم؟

تۆ کە ئاوی مەندو شەپۆلی دامرکاوی رووبار نی، تۆ تۆفانی و شەپۆلی بە کوڵی ئاوی رووبارەکانی بەهاری کوردستانی.
تۆ ئاسکی لە پەروپۆ کەوتووی گەرمە سێرو مامزی دەستە مۆی زۆرداران نی، تۆ پڵنگی تیژرەوی، شارباژێرو دەرسیم و ماردین و مەهابادی .
تۆ هاژەی ئاوی کانیاوەکانی کوردستان و شێری ناو بیشەڵانی ژیان و سەرچاوەی رووبارەکانی کوردستانی.
تۆ بەرخە کۆرپەی هەتاو نەدیتووی سەرخوانان نی، تۆ قەترە ئارەقی ناوچاوانی زەحمەتکێشانی کوردستانی .
تۆ باڵندەی لاپەسیو و سەرسوانان نی، تۆ هەڵۆی تیژباڵی دوندو کێوەکانی کوردستانی، تۆ هەتاوی تۆ بارانی.
تۆ گیان لەبەری نوستووی ژێر سێبەران نی، تۆ قاڵبووی کورەی گەرمی خەبات و بەرخۆدانی.
تۆ قەلەرەشەی سەر مینبەری کلیساکان نی، تۆ بولبوولی خۆش خوێنی ناو موچەو مەزرا و باغ و بێستانی کوردستانی.
تۆ هەنگی سوورنی پیسایی بە لاق هەڵگری، تۆ ئەو باڵندە جوانەی کە بە ئاوی هەناوی گوڵ پاراو دەبی.

تۆ مۆری سواوەی سەر تەفنگەکان و سەر لوولەی تۆپەکان نی، تۆ مۆری سەرپارچە زێرەکانی ژێرخاکی کوردستانی.

تۆ ئایەت و سورەی قورعان نی، تۆ ڕەمزی ئاڵوگۆڕو نوێ کردنەوەی مێژوویی هاوچەرخی ئینسانی.

تۆ گەڵای وەریوی زەردی پایز نی ، تۆ شاگوڵی سەرتاقەو بزوێنەری روحی دارستان و هەناسەی هاوینی بێ بارانی.

تۆ شەوی ڕەش و ئەنگوستەچاو نی، تۆ برووسکەی هیوا و ڕۆژ ڕێژی روونکەرەوەی ڕێگای رزگاری چەوساوەکانی.

تۆ نیگابانی کۆشک و تەلاری سەرمایەدارو چەوسێنەران نی، تۆ پارێزەرو پاسەوانی بەیداخی لووتکەی هەڵوێستی ئینسان و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانی.

تۆ شەمعی داگریساوی سەرمێزی مەشرووب خۆران و ناو گۆرستانی مردوەکان نی، تۆ ڕۆژی رووناکی خوادادی و مانگی چوارده و ئەستێرەی پرشەنگداری بەری بەیانی.

تۆ دووکەڵی تۆپ و بۆمبای ژەهراوی و ئاوردانی دامەرکاوی ناو کورەخانەکان نی، تۆ بوورکان و بروسکەی ئاوری نمروودی، سووتێنەری زووڵم و زۆرو چەوسێنەری.

تۆ میرزاو نووسەری دەربارو سەفارەتخانەکان نی. تۆ داهێنەری، تۆ مانشێتی سەرتیتری ڕۆژنامەکانی، تۆ سەرنوسەری ئەو دێرانەی کە وەشەکانیان بە خوێن دەنوسرێن، تۆ زیندووکەرەوەی مێژوویی نەتەوەی مادو پارێزەری کولتورو فەرهەنگی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردی.

تۆ نۆتی گیتارو کێبوردو مۆسیقای سەفاخانەکان نی، تۆ دەنگی شمشاڵی قالەمەرەی کورد و لایە لایەی دایکانی کوردستان و گمە گمەی کۆترو قاسپەی کەو ، دەنگی بە سۆزی بولبوول و سازی بێ نازی کوردی.

تۆ ئەی پێشمەرگە، کە تەواوی وەشە جوانەکان و فیداکاری و قارەمانەتی دوونیات پێ براوە، دەبێ بۆخۆت، خۆت چۆن پێناس بکەی؟

ناوی من پێشمەرگەیە، گیانم لە سەر لەپی دەست داناوە، هەر ئەوەم لە دەست دێت ئەویشم بە دیاری لە ڕۆژی خۆم دا بۆ گەل هێناوە.

ناوی من پێشمەرگەیە، ٢٦ی سەرماوەز بۆ من دیاری کراوە، لەو ڕۆژە دا پێشمەرگە دەست لە سەرسینگ و قەڵەم بە دەست و چەک بەشان بۆ پارێزگاری لە خاک و نیشتیمان بە پێوە بە بێ ترس لە مەرگ وەستاوە.

ئەی پێسمەرگە، کە گیانت بە دیاری بۆ گەل هێناوە، گەلیش وەکوو کێو لە پشتت ڕاوەستاوە،

من پێشمەرگەم، کوردستان قیبلەی ئاواتمە، نەتەوەی خۆم هێزووگیانمە، ئاوی ساردی کوێستان و بۆنی گوڵ و ریحانەی ئەو ئاو و خاکە دەرمانی زامەکانمە.

پیرۆزبێت ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەموو ئەو کەسانەی بۆ تاقە ڕۆژێک چەکیان لە شان کردووەو دیفاحیان لە کورستان کردوە، بەڵام نەکەوتوونە داوی دژمن و سەربەرزانە دەژین.

سڵاو لە هەموو ئەو کەسانەی کە گیانیان لە پیناوی ئازادی دا فیدا کردووە، چ لە زیندان و چ لە ناو شاخ و شارو دێهاتەکانی کوردستان.

ئەوانە هەموو شەهیدی ڕێگای رزگارین.

گیارەنگ

چەند وتەیەک لە لایەن پێشمەرگەی دێرین بەڕیز مامۆستا سیروان حەفیدی لە جێژنی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری ئۆرۆبرۆ

خوشک و برایانی خۆشەویست!

میوانانی بەڕیز پڕ بە دڵ بە خێرهاتنتان دەکەم.

ئەمرۆ لەو ڕێوڕەسمە دا کە لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە بە مەبەستی ٢٦ی سەرماوەز کە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، بەو بۆنەوە، پیرۆزبایی خۆمان دەنێرین بۆ سەرجەم پێشمەرگە و گشت تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بۆ زیندانیانی سیاسی، و هەروەها چەپکە گوڵی ڕێز و وەفا پێشکەش بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە وەدی هێنەری وشەی پێشمەرگە بووە، و تا ئێرە درێژەدەری ئەو ڕێبازە پڕ لە شانازی و سەروەرییە.

وشەی پێشمەرگە، زۆر مانا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە پێویستی بە لێکدانەوەی دوور و درێژی زانستیانە هەیە، ئەو وشەیە لە کوێ را هاتووە، لە سەرتا دا بۆچی، و کێ کردی بە ڕەمزی تێکۆشان و فیداکاری، بۆچی لە ٢٦ی مانگی سەرماوەز دا کراوە بە ڕۆژی پێشمەرگە، لە کاتێکدا کۆمارە ساوەکەی کوردستان هەر لەو مانگە دا جوانەمەرگ کراوە، بۆ ناودێر کراوە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ناوی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات ناودێر نەکراوە، بۆچی ئەو ناوە کراوە بە ئالترناتیڤی ناوە جۆراوجۆرەکانی چەکداری کورد ... و زۆر بابەتی دیکە.

ناوی پێشمەرگە زیاتر لە نیو سەدەیە بۆتە ڕەمزی تێکۆشان و فیداکاری لە ڕەوتی بەرەو پێش بردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا، بۆتە جوانترین و جێگرترین وشەیەک کە

ئاوێتەی فەرهەنگی کوردی بووە.

وشەی پێشمەرگە، یانی فیداکار و گیان لە سەر دەست، لە خۆبردوو، گیان بەخش لە پێناوی ئازادی و بەختەوەری گەلی کورددا. وشەی پێشمەرگە، یانی سەداقەت، ڕاست، ڕاستگۆ، دەست و دڵپاک، خۆراگر، ماندوونەناس، بە دیسیپلین، دێمۆکرات، فەرمانبەر و فەرماندەر و زۆر شتی دیکە، ئەو هەموو ڕەوشتە جوان و بەرزەن کە بە باڵای پێشمەرگە بڕاون، بۆیە پێشمەرگە بۆتە وێردی سەر زمان و هیوای گەل. پێشمەرگە وزەو توانای بە هێزی گەلە، خاوەنی هەزاران داستانی پڕ لە سەروەرییە، پێشمەرگە ڕقی بێزاری گەلە، بۆ بن بڕ کردنی داگیرکەری کوردستان. پێشمەرگە لابەری هەور و مژ و ژەنگ و تاریکی سر ڕێگای دێمۆکراسییە.

چەکی پێشمەرگە بە ڕۆژ ملوانکەی تیشکی کۆلکەزێرینەی پاش بارانی گەلاوێژە، بە شەو تریفەی مانگە شەو دەڕازێنێتەوە. پێشمەرگە یادگاری پێشەوا و حیزبە کە بۆ کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانە.

پێشمەرگە ڕۆژی لە دایک بوونت کە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی ئەو ڕۆژانەی کە هێزی شۆڕشگێری چەکداری گەلەکەت دوا شوێنەواری لە دەسەڵاتی داگیرکەری لە شاری ڕەمزی کوردستان، مەهاباد تێکەوە پێچا و پاشان پێشەوا و کۆمارەکەت و حیزبی دامەزرێنەری کۆمارەکەت ناوی پیرۆزی بۆ تۆ ، ئەی پێشمەرگە دۆزیەوە، لە ئێوە و لە هەموو دانیشتوانی کوردستان پیرۆز بێت.

ئەی ئازا لاوی گۆڕەپانی خەبات، ٢١ ساڵ لەمەوبەر واتە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە لایەن حیزبە تێکۆشەرەکەت و بە دەستی بوژێنەرەوەی حیزبەکەت زانا و هەڵکەوتوو شەهیدی هەمیشە زیندوو دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە.

هیوام وایە کە ژیرانە ئەرکی مێژوو سەردەمی نوێ بە شێوەیەکی زانستیانە بەڕیوەبەرن، قەتاری خەبات زۆر دەمێکە وەڕێ کەوتووە لەو مەنزڵ بۆ ئەو مەنزڵ سوار بوون و دابەزین و زۆر بە داخەوە تا ئێستاش ئەو قەتارە هەر لە ڕێگا دایە، هیوادارم کە بە ژیری و زانستێکی نوێتری سەردەم بە یەکێەتی و تەبایی نیو ڕیزەکان و بە سۆزێکی پێشمەرگانە ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیە کە دەکەوێتە سەرشانی نەوەی نوێ بە مەنزڵی سەرکەوتن و ئامانجی شەهیدان و گەلەکەمان بێنێتە دی.

هیوادارم کە پێشمەرگەی کوردستان هەروا باسکی بە هێزی گەل بێ، هەروا خۆشەویستی خەڵکی کورستان بێ، هەروا دوژمن تۆقێن و دوژمن بەزێن بێ.

لە کۆتایی دا با لە دڵەوە باڵای پێشمەرگەی کوردستان لە ئامێز بگرین و ئەمەگ ناسی خۆمان بەرانبەر بە گیان بەخشی و فیداکاری خۆراگریان دەر ببرین.

سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و سەرقافڵەکانیان، پێشەوا قازی، قاسموو و شەرفکەندی.

سڵاو لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

سڵاو لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی کە شانازی و سەروەری داهێنانی ناوی پێشمەرگە و ئەو ڕۆژە پیرۆزەی پێ بڕاوە.

هەر بژین و سەر کەوتووبن.

لە لایەن پێشمەرگەی دێرین: سیروان حەفیدی

گیارەنگ / سەرماوەزی ٢٠٠٥

گوڵبژێک لە هەزاران چالاکی بێ وێنە، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز



ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

خوێنەرانی بەرێز.

بە مەبەستی رێز گرتن و سپاس و پێزانین لە خەباتی چەکداری داسەپاو ، و داکوکی و بەرگری هێزی پێشمەرگەی حیزب دێموکراتی کوردستان لە نیشتمان و کۆمەڵانی خەڵک. گوڵبژێک لە هەزاران چالاکی بێ وێنە، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی چەک کردنی دوایین موڵگەی هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دامەزرانی سپای میللی، و دواتر ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە سالەکانی ١٩٤٥ –١٩٤٦.

خەباتی چەکدارانە ساڵەکانی ١٩٦٧- ١٩٦٨و شەری داسەپاوی زیاتر لە ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی دژی خەڵک و هێزی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل دەدەریتە بەردیدی دیارە ئەوە دڵوپێکە لە دەریایەک خەبات و بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە، هەر بۆیە جێی خۆیەتی هەزاران سڵاو پێشکەش بە گیانی پاکی هەموو ئەو پێشمەرگانە کەبە بەخت کردنی

باشترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان بۆ ئازادی و بەختەوەری گەل و نیشتمان لەم رێگایە دا سەریان ناوەتەوە بکەین.

هەروەها داوای ساخی و سەلامەتی و سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لەم ماوەیەدا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بریندار و یان بەشێک لە ئەندامی لەشیان لە دەست داوە بە ئاوات بخوازین.

سەرکەوێ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ وەدێهێنانی مافی دیاری چارە نووس.

سڵاو لە پێشمەرگە و پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

١- **بانە** ١٨ی مای ١٩٤٦ - ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥

هێرشی هێزەکانی ئێران لە شاری بانە بۆ سەر ناوچەی سەردەشت،لە گەڵ بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەری حەسەن ئاغای هەنارە و زیرۆ بەگ روو بە روو دەبن،لە شەرێکی توند دا هێزەکانی دوژمنان تێک شکاند و ٣٠ کەسیان بەدیل گیران و دوو کەسیان لێ کوژرا و چەندین چەک و کەل وپەلی دیکە دەستی پێشمەرگە کەوت.

٢- **سەقز** ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ - ١٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥

وەرێ کەوتنی ستوونێکی ئەرتەشی ئێران بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خواردن بۆ دوو پادگانی بانەو سەردەشت کە لە گوندی قاراوا لە گەڵ هێزەکانی بارزانی تووشی شەر بوون.

٣- **سەقز** ٢٩ ئاوریلی ١٩٤٦ - ٩ی بانەمەری ١٣٢٥

هێرشی هێزی زەمینی و هەوای هێزەکانی ئێرانی کە پێک هاتبوو لە ٧٠٠ کەس بە توپ و رەشاش بە پشتیوانی ٢ فرۆکە لە چەند لاوە بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە شاخی بیژنگ بەسەر، کەلی سەرا، کیوی بالومان. لەئاکامی شەرێکی ٧ کات ژمێری دا کە بوو بە هۆی تێک شکانی هێزەکانی داگیرکەر، لەو شەرە دا ١٠٠ کوژران، ٣٩ کەس بەدێل گیران و هێندیک چەک و تەقەمەنی دەستکەوتی پیشمەرگە بوو.

٤- **سەردەشت** ٢٧ی مای ١٩٤٦ - ٦ی جوزەدانی ١٣٢٥

هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر پیشمەگەر لە نیزیک سەردەشت کە لە گەڵ بەرەنگا بوونەوە پێشمەرگە روو بە روو دەبن، لە ئاکامدا ٤٤ کەس لە دوژمن دەکوژرن ونیزیک ٤٠کەسیش بریندار دەبن هیزەکانی هیرشکەر تیک دەشکین.لەم شەرەدا پیشمەرگە یەک بریندار و یەکیش شەهید دەبن.

٥- **مەهاباد** ١١ی ژووئەنی ١٩٤٦ - ٢١ی جوزەردانی ١٣٢٥

هێرشی هێزەکانی ئێران کە پێک هاتبوو لە ٣٠٠٠ سەرباز و ٨ تۆپ، ٢ تانگ و ٢ فرۆکە پشتوانی لێ دەکرا بۆ سەر بەرزایەکانی مامەش، پێشمەرگەکان لە شەرێکی قارەمانانە دا تێک یاندەشکێنن و لە ئاکام دا هێزەکان رێژیم ٥٠٠ کەسیان لێ دەکوژری و ٢٥٠ کەسیش بریندار و ٢ تانگ تیکدەشکێندرێ و فرۆکە یەکێش دەخرێتە خوارەوە.

٦- **سەقز** ١٥ی ژووئەنی ١٩٤٦ - ٢٥ی جوزەردان ١٣٢٥

هێرشی هێزەکانی ئێران بەسەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی رەزم ئارا بۆ سەر پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەر رێگای سەقز و بانە. دوایی ١٢ کات ژمێر شەرِ هێزی دوژمن تێک شکاو لە ئاکام دا ٥٠٠ کەس کوژرا و ٢٥٠ کەسیش لە هیزە داگیرگەرکانی دوژمن بەدێل گیران. لەم شەردا ١١ پێشمەرگەی بارزانی بریندار بوون.

٧- **مەهاباد** ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦ - ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥

لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بەهاوکاری بەشێک لە عەشایر شاری ماهابادیان داگیر کرد، واتە راست پاش ساڵێک کە بە چەک کردنی شارەوانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە گرتبوو.

٨- **پیرانشار** هاوینی ساڵی ١٩٦٧ - هاوینی ساڵی ١٣٤٦

سلێمان موعینی بە ناوی نهێنی (فایق) و هاورێیانی لە سپی سەنگ تووشی شەرێکی نەخوازراو دەبن، هێزیکی زۆر و هێلی کۆپتەریان دێتە سەر،لەو شەرە دا عەبدوڵا موعینی بریندار، و ئەندامێکی حیزب بە ناوی سلێمان شەهید دەبێ.

٩- **سەڵماس** ساڵی ١٩٦٧ - ساڵی ١٣٤٦

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەڵماس کە کاتی پشوو داندا دەکەونە بەر پەلاماری تاقمێکی زۆر ژاندارم و گەمارۆ دەدەرێن. دوای شەرێکی قارەمانانە و کوشتنی تاقمێکی زۆر لە بەکرێگیراوان، رێژیم بۆ یارمەتی هێزەکانی لە ورمێ را هێزی تازە نەفەس و هیلی کۆپتەر دەنێرەن. بەداخەوە لە شەرە دا باپیر شکاک(نحۆ)و ٤ پێشمەرگەی دیکەی حیزب شەهید دەبن.

١٠- **مەهاباد** لە مانگی ئاوریلی ١٩٦٨ - مانگی پووشپەڕی ١٣٤٧

لەناوچەی گەورگایەتیی مەهاباد لە نزیک گوندی قالوێ هێزیکی زۆری رێژیم هەڵدەکوتنە سەر دەستەیەک لەپێشمەرگەکان حیزب بە فەرماندەری عەبدوڵا موعینی لە شەرێکی یەک رۆژە دا ئەفسەریک و چەند ژاندارم و جاشێک دەکوژرێ بەداخەوە عەبدوڵا موعینی و عەوبدوڵا مینە شەم شەهید دەبن.

١١- **سەردەشت** مانگی ئاوریلی ١٩٦٨ مانگی پووشپەری ١٣٤٧

هێزیکی زۆر لە گوندی سەرشیوی سەردەشت کە بە شوێن پێشمەرگە دا دەگەرین دەکەونە بەر پەلاماری هێزی پێشمەرگەکانی حیزب بە فەرماندەری قادر شەریف لە ئاکام دا جگە لە کوشتنی جاشێک بە ناوی هەلمەت بێتوشی پازدە ژاندارم و چەکداری هێزەکانی رێژیمی پاشایەتی ئێران دەکوژرین.

١٢- **بانە** ٢ی مای ١٩٦٨ - ١٢ بانەمەڕ ١٣٤٧

سمایل شەریف زادە بە ناوی نهێنی (مەلا عەزیز) و هاوڕێیانی کە لە ناوچەی بانە خەریکی تێکۆشانی حیزبی دەبن. نیزیکەی ٤٠٠ کەس لە دارێنە هەڵدەکوتنە سەریان و داوای خۆبەدەست دانەوەیان لێ دەکەن بەڵام بە خۆڕاگریی قارەمانانە لە شەڕێکی ٦ کات ژمێری دا داکوکی لە خۆیان دەکەن بەداخەوە لەم تێک هەڵچوونەدا سمایل شەریف زادە و سێ هاوڕیی دیکە شەهید دەبن. ڕێژیمی دژی گەلی پاشایەتی ئێران بۆ چاو ترسێنێ خەڵک تەرمەکانیان لە شارەکانی بانە،سەقز و سنە دەگێرن.

١٣- **سەردەشت** مانگی ژووئەنی ١٩٦٨ - مانگی ڕەزبەری ١٣٤٧

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب تووشی شەڕێکی قورس لە گەڵ تاقمێکی زۆری دوژمن دەبن و تا ئاخرین گۆڵلە بۆ داکوکی لە خۆیان بەشەر دێن کە بەداخەوە هەموویان شەهید دەبن. ڕێژیم بۆ چاوترسێنی خەڵک تەرمەکانیان لە گوندەکان دا دەگێرن و بۆ ماوەیە لە شاری سەردەشت هەڵیان دەواسن.

١٤- **سەردەشت** ١٦ی ئووتی ١٩٦٨ - ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٧

لە چیای زمزیران تەقە و پێکدانان لە نێوان پێشمەرەگەکان و هێزەکانی دوژمن ڕوو دەدا فەرماندەری هێزەکانی ڕێژیم دەکووژری و دوو سەربازیش بە دێل دەگیرێن کە دواتر پێشمەرگەکان ئازادیان دەکەن، بەڵام دوای بە دەستووری ئەویسی هەر دووکیان گولله باران دەکرێن.

١٥- **پیرانشار** ئاخری وەرزی هاوین ١٩٦٨ - ئاخری وەرزی هاوین ١٣٤٧

هێرشی زۆری ژاندارم و سەرباز و جاش بۆ سەر پۆلێک پێشمەرگە بە فەرماندەری مراد شیرێژ لە کوێستانەکانی بەری مێرگان شەڕێکی توندیان لە نێوان دا ڕوو دەدا چەند کەسیک لە دوژمن دەکوژن، بەداخەوە لەم شەڕە نابەرامبەر دا مراد شیرێژ و هاورێیانی شەهید دەبن .

١٦- **مەهاباد** ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٨٠ - ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٥٩

پێشمەرگەکانی هیزی پێشەوا لە جادەی مەهاباد ورمێ دا پەلاماری ستوونێکی هێزەکانی دوژمن دەدن. لەو پەلامارە قارەمانانە دا ١٥٠ کەس لە هێزەکانی ڕیژیم دەکوژرێن و بریندار دەبن، هەروەها ٥ دەزگا تانگ و ٥ دەزگا ماشین لە بەریەک بڵاو دەکرین.

١٧- **مەهاباد** ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٨٠ - ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٥٩

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لەسەر جادە مەهاباد – ورمێ لە نیزیک گوندی کۆسەکەرێز ستوونێکی هێزی چەکداری ڕێژیم دەخەنە نێو داوی خۆیان، لەم چالاکییە دا ٧٠ کەس لە هێزە سەرکوت کەرکانی ڕێژیم دەکوژرین یان بریندار دەبن هەروەها یەک دەزگا تانگ و یەک ماشین تێک دەشکێندرێن. بەداخەوە لەم چالاکییە دا ٧ پێشمەرگە شەهید و دەچنە نێو ریزی کاروانی شەهیدانەوە.

١٨- **ورمێ** ٥ی ژووییەی ١٩٨٠ - ١٤ی پووشپەری ١٣٥٩

پێشمەرگەگان هێزی شەهید نحۆ پەلاماری پادگانی ورمێ ، ناوەندی سپای پاسداران و شارەوانیی ئەو شارە دەدەن لەم پەلامارە دا ٩ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرین و ٣٢ کەس بریندار دەکرێن، هەروەها ٥ دەزگا تانک و ٧ دەزگا ماشین و هێلیکوپتەر لە بەریەک بڵاو دەکرێن.

١٩- **سەقز** ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٨٠ - ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٥٩

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید عەزیز یووسفی دەچنە نێو شاری سەقز و لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەرگیر دەبن. لەم چالاکییە دا ٥٣ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن و زیاتر لە ١٠٠ کەسیش بریندار دەبن و ٦ کەسێش بە دێل دەگیرێن، هەروەها چەندین ماشین خەراپ دەکرێن و چەک و تەقەمەنێکی زۆرێش دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە دەبێ.

٢٠- **سەردەشت** لە مانگی سپتامبری ١٩٨٠ - مانگی خەرمانانی ١٣٥٩

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید مۆعینی و هێزی شەهیدانی وێردی بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ پێش بە هێزێکی زۆری دوژمن دەگرن کە لە بانەوە دێهەوێ بچێتە سەردەشت لە ماوەی ئەو ٢٠ ڕۆژە دا زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن و ژمارەیەکی زۆریش بریندار دەکرێن.هەروەها دەیان دەزگا تانگ و ماشین و نەفەربەر و دەیان قەبزە چەکی گەورە لەبەریەک بڵاو دەکرێن.

٢١- **هەوشار** ٢ی نوامبری ١٩٨١ - ١١ی خەزەڵوەری ١٣٦٠

پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار تەقەیان لە هێلیکوپتەرێکی دوژمن کرد و خستیانە خوارەوە لە ئاکامدا ٦ کەس لەسەرنیشێنەکانی کوژران. هەر لەم ڕۆژە دا دەستەیەک دیکە لە پێشمەرگەکانی هیزی شەهیدانی هەوشار دەچنە نێو شاری شاهیندژ و پەڵاماری ناوەندی سپای پاسداران لەو شارەیان دا.کە لە ئاکامدا دوو دەزگا ماشینی تێک شکێندران و ٢٢ بەکرێگیراویش کوژران.

٢٢- **کرماشان** ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٨١ - ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٦٠

پێشمەرگەکانی هیزی بیستوون و هێزی زرێوار مولگەکانی دوژمن یان لە گوندی لۆن،دەوروبەری دایە بەر پلاماری خۆیان لە ئاکامدا ٤٠ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی کوژران و ژمارەیەکێش بریندار بوون.

٢٣- **بۆکان** ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٨١ - ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠

لەبەزراییەکانی گوندی حوسێن مامەدایە دایە بەر پەلامانی خۆیان دوای شەڕێکی قارەمانانە دەستیان بەسەر ئەو مولگەیە داگرت.لە ئاکامدا ٢٧ کەس لە ئەفرادی مولگەکە کوژران و هەموو کەل وپەلی مولگەکەش کەوتە دەست پێشمەرگەکان ٦ سەربازیش بەدێل گیران. بەداخەوە لەو پەڵامارەدا ٥ پێشمەرگە حیزب شەهید بوون.

٢٤- **مەریوان** ٣ی نوامبری ١٩٨١ - ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٠

پێشمەرگەکانی هێزەکانی زرێوار و شەهید شەرێف زادە و شاهۆ لە چالاکییەکی هاوئاهەنگ دا ٢ موڵگەی ریژێمیان لە مارانی و دەرگاکا دەست بەسەر داگرت. لەو چالاکییە دا ٣٥ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری دۆژمن کوژران و نەفەرێکیش بە دێل گیرا.

٢٥- **سنە** ٧ی نوامبری ١٩٨١ - ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٦٠

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریف زادە لە عەمەلیاتێکی دلیرانە دا لە گەرەکی کەڵکە چاری نێو شاری سنە بە کوشتنی دوو نیگابانی موڵگەی ئەو شوێنە،توانیان دەست بەسەر موڵگوکە دابگرن و ١٣ کەس بەدێل بگرن و هەموو چەک و کەل وپەلی موڵگەکە کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

٢٦- **پیرانشار** ٤ی نوامبری ١٩٨٢ - ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٦١

پێشمەرگەکانی حیزب بە هاوکاری هێزی پشتیوان پەلاماری موڵگەی رێژیمیان لە قەبری حوسێن یان دا و لە شەرێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی رێژیم دەستی پێی کرد لە ئاکام دا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون و هەروەها یەک تانگ و ١٣ دەزگا ماشین لەبەریەک هەڵوەشان وچەک و چوڵێکی بەرچاویش کەوتە دەست پێشمەرگەکان.بەداخەوە لەو شەڕە دا ٢ پێشمەرگە شەهید بوون.

٢٧- **کرماشان** ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٨٢ - ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦١

پێشمەرگەکانی هێزی بیستوون بۆ راونانی هێزی دوژمن لە بەرزاییەکانی شیرین سوار دوای ١٨کات ژمێر شەڕی قارەمانانە دا ئەو بەرزاییانە لە هێزەکانی رێژیم دەستێنەوە.لەو شەڕەدا ٧٠ کەس دەکوژرێن و ١٥٠ کەسیش بریندار دەبن. بەداخەوە لە شەڕە دا دوو پێشمەرگە شەهید دەبن.

٢٨- **بۆکان** ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٣ - ٥ی رێبەندانی ١٣٦١

پێشمەرگەکانی حیزب لە چالاکییەکی کەم وێنەدا لە ژێر ناوی(تۆڵەی گەورە) لەسەر جادەی میاندواو – بۆکان گوردانی ٨٠١ شیراز کە ٥٣ دەزگا ماشین بوو وەبەر پەلاماری خۆیان دەدەن لە ماوەی ٣ی کات ژمێرو نێو دا ئەو ستوونە لیک بڵاو دەکەن لە ئاکام دا ٤٢ دەزگا ماشین لەبەریەک هەڵوەشان و زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژران کەلاکی ٤٧ کەس کەوتە دەست پێشمەرگە و ٦ کەسیش بە دێل گیران و ٦ دەزگا ماشینی مینی بووسیش کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی کە لە گەڵ دێلەکان ئازاد کران

٢٩- **سەردەشت** ١٨ی ژووئەنی ١٩٨٣ - ٢٨ی جوزەردانی ١٣٦٢

هێرشی بەربڵاوی ریژیم بە بەشداری هەزاران کەس و لە ژێر ئاگری تووندی توپخانە و هەلیکۆپتەر دا بۆ سەر گوندەکانی بێوران، قەڵەڕەشێ، زوران و کونەمشکێ و هەروەها بەرزایەکانی بوڵفەت و شاخە خوارە، گردی ئاغایان، تۆپە سوتاوێ لە پشتی نێشکۆڵان و مەلازادان و دەوروبەری دەست پێکرد و لە کات ژمێر چواری بەرەبەیانی دا شەرێکی تووند لە نێوان پارێزەرانی کوردستان و هێزی زۆرو بۆری ریژیم دەستی پێکرد .لەم شەڕە قورسەدا زیاتر لە ١٠ دەزگا ماشێن، ٢ بولدزێر و ٣ موتور سیکل بە دەستی قارەمانەکانی دەستەی زەرپەت و پێشمەرگەکانیتر سوتێندران و لە بەرێک هەڵوەشێندران و کەلاکێکی زۆر لە داگیرکەران لە مەیدانی شەرەکە کەوتبوون و زەرپەیەکی قورس وە پەیکەری لەرزۆکی دوژمن کەوت. بەلام بەداخێکی یەکجار گرانەوە لەم شەڕە سەخت و نابەرابەرەدا، رۆڵەی تێکۆشەر و فەرەماندەی بەوەج حەمەدەمین مەلا عەزیزی بە پریشکی تۆپ دەپێکرێت و زۆر بە سەختی بریندار دەبێ، پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید دەبێ. هەروەها لەم شەرەدا ٧ کەس لە هاورێیانی پێشمەرگەش بریندار بوون و کەسێکی بێ دیفاع بە ناوی حەسەن هەمزەیی شەهید بوو.

٣٠- **رەبەت** ٢٧ی ئووتی ١٩٨٣ - ٥ی خەرمانانی ١٣٦٢

سێ قافڵە لە هێزەکانی رێژیم لە کاتی گەرانەوەیان لە گوندەکانی سێسرو نستان ، لەنێزیک گەردەنەی زمزیران دەکەونە نێو کەمینی هێزی پێشمەرگەی حیزب و دوای ٧ کات ژمێر شەڕی سەخت نێزیک ١٥٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن،یان بریندار دەبن.کەلاکی ٥٠ کەسیان لە مەیدانی شەڕ بە جێ دەمێنێ لەو چالاکییە دا چەک و چۆڵ و کەل و پەڵێکی زۆری نێزامیی دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب.

٣١- **بانە** ٢٢ی سپتامبری ١٩٨٣ - ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٢

هێزەێکی رێژیم لە نێزێک موڵگەی گاکر دەکەوێتە نێو کەمینی پێسمەرگەکانی هێزی شەهیدانی وێردی و لە ئاکام دا ئەو هێزە لێک بڵاو دەکرێ.زیاتر لە ٧٠ کەس دەکوژرێن کە کەلاکی ٣٠ کەسیان لە مەیدانی شەر بەجێ دەمێنی و ١٤ کەسیش بەدێل دەگیرێن وچەک وتەقەمەنی لە گەڵ چەند دەزگا ماشین دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان.

٣٢- **دیواندەر** ٣٠ی ئووتی ١٩٨٣ - ٨ی خەرمانانی ١٣٦٢

هێزەکانی رێژیم لە شاری بیجار و شارۆچکەی تکالوو جەرا ناوچە رزگار کراوەکانی دەوروبەر دەدەنە پەلاماری خۆیان، پێشمەرگەکانی حیزب بەرپەرچی پەلامارەکە دەدەنەوە دوای شەرێکی توند نێزێک بە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی رێژیم دەکوژرێ وچەندین دەزگا ماشین لەبەریەک بڵاو دەکرێن. بەداخەوە لەو شەڕە دا ٤ پێشمەرگە حیزب شەهید دەبن.

٣٣- **سەردەشت** ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ - ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٢

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید مۆعینی و هێزی شەهید هەژار لە ناوچە ئالانی سەردەشت لە پەلامارێکی قارەمانانە دا توانیان بەشێکی زۆر لە موڵگەی نۆرێ دەست بەسەر دابگرن و عەمباری تەقەمەنیی ئەو موڵگەیەش ئاگرتێبەر دەدەن لەو شەڕەدا لانی کەم ١٥٠ کەس دەکوژرێن و چەک و چۆڵێکی بەرچاویش دەکەوێتە دەستی پێشمەرگەکان، بەداخەوە لەو چالاکییە دا ٥ پێشمەرگە شەهید دەبن.

٣٤- هەورامان ٣ی مارسی ١٩٨٤ - ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٦٢

هێزێکی زۆری ڕێژیم پەلاماری شاری نەوسوود دەدا کە لە گەڵ بەرنگاریی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ ڕووبەڕوو دەبن لەم شەڕە دا هێرشی هێزەکانی دوژمن دوای ئەوەی لانی کەم ٥٠ کەسی لێ دەکوژرێ ناچار بە پاشەکشە دەکرێن.لەو شەڕدا هێزی پێشمەرگە دەستکەوتی بەرچاوی هەبوو

٣٥- شنۆ ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٣ - ٧ی ڕەزبەری ١٣٦٢

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ لە پەلامارێکی دلێرانەدا مۆڵگەی دوژمن لە گوندی شاوەلێ، دەست بەسەر دادەگرن. لەو پەلامارە دا هەموو ئەفرادی ڕێژیم لەم مۆڵگەیە دا یان کوژران یان بریندار بوون.کەلاکی ٢٥ کەس لە مەیدانی شەڕ دا دەکەوێ و ١٤ کەسیش بە دێل دەگیرێن،تەواو کەل وپەلی ئەو مۆڵگەیە دەکەوێتە دەست پێشمەرگە.

٣٦- ورمێ ٢١ی ژووئەنی ١٩٨٤ - ٣١ی جۆزەردانی ١٣٦٣

هێزەکانی ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەی گەلی بەردەڕەش، پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نحۆ،حاتەم و شەهید سەرگورد عەبباسی و هیزی بەرگری میللی بەرەنگاری هێزی دوژمن دەبنەوە، لەشەڕێکی ١٩ کات ژمێری دا زیاتر لە ١٥٠ کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون لەو شەڕەدا چەک و چۆڵێکی بەرچاو کەوتە دەست پێشمەرگەی حیزب.بەداخەوە لەو شەرە دا ٧ پێشمەرگەی هیزی شەهید نحۆ و پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگری میللی شەهید بوون.

٣٧- مەهاباد ١٣ی ژانوییەی ١٩٨٥ - ٢٣ی بەفرانباری ١٣٦٣

هێزەکانی ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکانی شامات، پێشمەرگەکانی هێز ی شەهید پێشەوا لە نێزیک گوندەکانی گەوج ئاوا و گەزەڵین هێرشکەرانییان خستە نێو کەمینی خۆیان و زەبرێکی باشیان لێدان لەو شەڕەدا کە ٦ کات ژمێری خایاند لانی کەم ١٢٠ کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران کە کەلاکی ٣٥ کەسیان لە مەیدانی شەڕ دا لێ بەجێ مابوو. لەو شەڕە دا هێندیک کەلوپەلی نیزامی کەوتە دەست پێشمەرگە. بەداخەوە لە و چالاکییە دا ٥ پێشمەرگەی حیزب شەهید بوون.

٣٨- نەغەدە ٩ی ئووتی ١٩٨٤ - ١٨ی گەلاوێژی ١٣٦٣

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید ئەفشین ٢ مۆڵگەی هومام و قەڵاتەسوور دەدەنە بەر دەستریژی خۆیان و بەرەنگاری هیزی یاریدەدەری دوژمن دەبن و ناچار بە پاشەکشەیان دەکەن ، لەو شەڕە دا زیاتر لە ٢٠ کەس لە ئەفرادی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.

٣٩- سەقز ٢٥ی ژووئەنی ١٩٨٤ - ٤ی پووشپەری ١٣٦٣

هێزەکانی دوژمن هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر گوندەکانی قامیشەڵە،قەرەبوغرە و سونجاخ، پێشمەرگەکان بەرەنگای هێزی ڕێژیم بوون لەو شەڕیکی سەخت و نابەرامبەر دا زیاتر لە ٢٥ کەس کوژراو ژمارەیەکێش لە هێزەکانی ریژیم بریندار بوون.

٤٠- ڕەبەت،مەهاباد،پیرانشار. ٢٤ی ژووییەی ١٩٨٤ - ٢ی گەلاوێژی ١٣٦٣

هێرشی بەربڵاوی ڕێژیم لە چوار جەبهەوە بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب دەستی پێی کرد، لە شەڕیکی کەم وێنەدا کە ٤ ڕۆژی خایاند لەسەر یەک لانی کەم ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی کوژران و بەدەیان قەبزە تفەنگ کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەداخەوە لەو شەڕە دا ٦ تێکۆشەری حیزب شەهید بوون. شەهید ڕەحمانی سوفی زادە بەرپرسی کۆمیتەی ڕەبەت سەرقافڵەی ئەو پۆڵە شەهیدە بوو.

٤١- بانە ١٠ی ژووئەنی ١٩٨٥ - ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٦٤

هێزەکانی ڕێژیم بە مەبەستی دانانەوەی مۆڵگەی خۆیان دەگەیەننە کۆنە مۆڵگەی تاژەبان، بەڵام پێشمەرگەکانی هێزەکانی شەهیدانی وێردی و شاهۆ لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی (راه کارگر) و(ارتش رهائیبخش) بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوون و لە سێ لاوە پەلاماریان دان.لە ئاکامی ٣ی کات ژمێرو نێو شەڕی قارەمانانە مۆڵگەی تاژەبان کەوتتە دەست هێزی پێشمەرگە.لەو چالاکییە دا زیاتر لە ١٣٠ کەس کوژران و کەلاکی ٨١ کەس لە مەیدانی شەڕ بەجێ ماو و ٢ کەسیش بە دێل گیران و هەروەها کەلوپەلی و چەک و چۆڵێکی زۆر کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە.

٤٢- سنە ٣٠ی ژووئەنی ١٩٨٥ - ٩ی پووشۆەری ١٣٦٤

کەمێنی هێزەکانی بێستوون و شەهید شەریف زادە ی حیزب بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە بەرزاییەکانی کوڕەمیانە لەسەر جادەی سنە - مەریوان لەشەڕێکی سەختی ١٥ کات ژمێری دا لای کەم ٨٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن و ژمارەیەکێش بریندار دەبن کەلاکی ٥٠ کەس لە مەیدانی شەر بەجێ دەمێنێ ٣ کەس بەدێل دەگیرێن و هەروەها چەک و تەقەمەنی زۆر دەستکەوتی پێشمەرگە بوون

٤٣- ورمێ ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ - ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٦٤

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نحۆ مۆڵگەی دوژمن یان لە گردەشین، سیلان و کەلی خان دایە بەرهێرشی خۆیان، هەروەها هێزی فریاکەوتنی ڕێژیمیش کەوتە نێو کەمینی پێشمەرگەکان و ئەویش تێک شکێندرا. لەو شەڕە دا مۆڵگەی گردەشین کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە،لەو شەڕە ٤ کات ژمێری یە دا لانی کەم ٤٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ٩ کەسیش بە دێل گیران و کەلاکی ٣٢ کەس لە مەیدانی شەڕەک بەجێ مان.

٤٤- پیرانشار ١٧ی ژووئەنی ١٩٨٦ - ٢٧ی جۆرەزدانی ١٣٦٥

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید ئاوارە بە پێی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک پەلاماریان بردەسەر ٢ مۆڵگەی دوژمن لە چاکی لاسان و پشتی بندرێ لە ماوەیەکی زۆر کورت دا توانیان هەر ٢ مۆڵگەکە بگرن و تەواوی ئەفرادی ئەو ٢ مۆڵگەیەیان کوژران یان بەدێل گیران لەو شەڕە قارەمانە دا ٨٠ کەس لە دوژمن کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و ١٣ کەس بەدێل گیران کە هەر لەوی ئازاد کران.لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان دەستکەوتی بەرچاویان هەبوو.

٤٥- شنۆ ١٤ی ژووییەی ١٩٨٦ - ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٦٥

پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین لە بەرنامەیەکی رێک و پێک و لە پێشدا دارێژراو و هەوئاهەنگ لە کات ژمێری ٥/١٠ خولەکی بەیانی ٧ موڵگەی ریژیمیان لە بەرزاییەکانی گردەسوور لە ناوچەی گەلی گادەران دایە بەرهێرشی خۆیان لە شەرێکی حەماسی و کەم وێنەدا کە یەک کات ژمێری خایاند دەستیان بەسەر هەر ٧ موڵگەکە دا گرت،و تەواوی نەفەراتی ئەو موڵگەیە یان کوژران و یان بریندار بوون هێزی فریاکەوتنی دوژمنیش کەوتە کەمینی پێشمەرگە، لەو شەڕە دا زیاتر لە ٦٠ کەس کوژران کە کەلاکی ٥٥ کەس لەبەر دەستی هیزی پێشمەرگە دا بوو،چەک و چۆلێکی زۆر دەست پێشمەرگەکان کەوت. بەداخەوە٢ پێشمەرگەش شەهید بوون.

٤٦- سەردەشت ٢٦ی سپتامبری ١٩٨٦ - ٤ی رەزبەری ١٣٦٥

پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بە پێی بەرنامەیەکی رێک و پێک لەسەر جادەی پیرانشار – سەردەشت لە نێوان گوندەکانی گرژاڵ و عەلی ئاوا دا لە زنجیرە شەرێک دا لە کات ژمێر ١ی نێوەرۆ تا ئێواری خایاند زیاتر لە ٦٠ کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران کە کەلاکی ٣١ نەفەریان بۆ پێشمەرگە ناسرا،٣٠ کەس بە دێل گیران.لەو شەڕە دا چەک و چۆڵێکی بەرچاو کەوتە دەست پێشمەرگەکان ،هەروەها کەلوپەلی زۆریش لە مەیدانی شەڕەکە ئاگر تی بەردرا.

٤٧- هەوراامان ٨ی ژووئەنی ١٩٨٧ - ١٨ی جۆزەردانی ١٣٦٦

پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ بۆ بەرێوەبردنی چالاکی چوونە قوڵایی ناوچەی هەوراامان و بەرزاییەکانی روو بە رووی پاوە جێگیر بوون، پێشمەرگەکان بۆ لە داو خستنی دوژمن لە ٥ لاوە بەرەنگاری هێزەکانی دژی گەلی بوون لەو شەڕە حەماسیەدا کە ١٩ کات ژمێری خایاند لانی کەم ٧٠ کەسیان لێ کوژرا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون،کەلاکی ٥٠ کەس لەبەر دەستی پێشمەرگە دابوو.چەک و چۆڵ و کەل وپەلێکی زۆری نیزامیش کەوتە دەست پێشمەرگە،٨ ماشین ئاگریان تێبەردرا و هێلیکوپتەریکێش پێکیندرا.بە داخەوە لەو شەڕەدا ٢ پێشمەرگە بریندار بوون.

٤٨- بۆکان ١٨ی ژووییەی ١٩٨٧ - ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦

بەتۆڵەی شەهید بوونی جێگری فەرماندەری هێزی زاکرۆس سالار ئیبراهیمی لەشەرێکی توند لەنێوان گوندەکانی دەژن و سێویە لەگەڵ هێزەکانی ریژیم کات ژمێر٤ی بەیانی موڵگەکانی دۆژمن یان لە بەرزاییەکانی کوچک چەرموو.پشتکاستر،سەرکو،پشت سێویە،میترکەسار دایە بەر پەلاماری خۆیان لەو شەڕەدا کە ٧ کات ژمێری خایاند ٧٠ کەس لە هێزەکانی ریژیم کوژران و کەلاکی ٣٠ کەس لە مەیدانی شەڕ دا بوون، هەروەها پیشمەرگە دەستکەوتی باشیان هەبوو.

٤٩- سەردەشت ١٢ی ئووتی ١٩٨٧ - ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٦

پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بە پێی بەرنامەیەکی رێک و پێک جادەی پیرانشار –سەردەشت لە نێوان گوندەکانی میراوێ و گرژالیان کۆنترۆڵ کرد لە ٥ لاوە شەڕیان لە گەڵ هێزەکانی رێژیم دەست پێی کرد،لەو شەڕە حەماسییە دا لەسەر یەک زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژران و ١٠٠ کەسیش بریندار بوون.هەروەها ٢٩ دەزگا ماشینی جۆراوجۆر لەبەریەک هەڵتەکێندران و ئاگریان تێبەر درا.

٥٠- سەردەشت – رەبەت ١٣ی ئووتی ٢٠٠٨ - ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧

هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت و رەبەت نزیک گوندی گردێنە بە پشتیوانی چەندین هەلیکۆپتێر و تۆپخانەی قورس کاتژمێر ٦ی ئێوارە هێرش دەکەنە سەر ئەو دەستە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ناوچەدا خەریکی کاری سیاسی و تەبلیغاتی بوون، لەم شەر و تێکهەڵچوونە دا کە چەند کاتژمێرێکی خایاند بە داخەوە فەرماندەی لیوەشاوە و کادری بە ئەزموونی حدک هەمزە عەبدوڵلاهی (ناسراو بە هەمزە سارتکەیی) و ٢ تێکۆشەری دیکەی دێموکرات بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوونو تەرمەکانیان کەوتوونە دەستی هێزکانی رێژیم. لەم شەرە دا ژمارەیەک پاسدارو جاش کوژران و بریندار بوون رێژیم تەنیا ناوی جاشێکی بە ناوی قادر ئیبراهیم پوور خەڵکی باساوێ درکاندوە.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە

لیستەی شەهیدانی فەرماندەرانی هێز ، جێگر و بەرپرسی کۆمیتەی شارستان

ریز	ناو و ناو بانگ	ڕێکەوتی شەهید بوون	پلەی بەرپرسایەتی	شوێن شەهید بوون	چۆنیەتی شەهید بوون
١	محەممەد نانەوازدە	١٦ی ژووییەی ١٩٤٦	فەرماندەری هێز و جێگری وەزیری بەرگری	کەلیخانی بانە	بەهۆی کەوتنەخواری فرۆکە
٢	محەممەد حوسێن سەیفی قازی	٣٠ی مارسی ١٩٤٧	وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان	مەهاباد	لە سێدارە دان
٣	ئیبراهیم بەهرام پوور	١٣ی ژووئەنی ١٩٨٠	فەرماندەری هێز	گڵە سوورە	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٤	سەرۆان عەبدوڵا ئەفشین	٤ی ژووییەی ١٩٨٠	فەرماندەری هێزی بەیان	نزیک گوندی شیناوی	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٥	سەروان ئەحمەد جاوید فەر(هەژار)	١٢ی دیسامبری ١٩٨١	ئەندامی کۆمیتە ناوەندی فەرماندەری هێزی پێشەوا	کەندەڵ	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٦	مەحموود ڕەحمەت پوور	١١ی ئۆکتۆبری ١٩٨١	جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆ	کێلەشین	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٧	سەروان حاتەم(دوعاخان)	١١ی ئۆکتۆبری ١٩٨١	فەرماندەری هێزی نحۆ	کێلەشین	شەڕ لە گەڵ قیادە
٨	ئەسعەد سولەیمانپوور	١٥ی ژووییەی ١٩٨٢	جێگری فەرماندەری هێز	سەقز	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٩	حیسام ئەسعەدی	٢١ی نوامبری ١٩٨٢	فەرماندەری هێز	بێساران	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٠	عەلی پیرۆتی	٣ی ئاوریلی ١٩٨٣	جێگری فەرماندەری هێز	چارشێویە سەر	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١١	مەزەفەر تابیعی	٢٠ی ئووتی ١٩٨٣	جێگری فەرماندەری هێز	میرئاوا	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٢	ئیقبال کەریم نژاد	٢٠ی ئووتی ١٩٨٣	فەرماندەری هێز	میرئاوا	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٣	ڕەسووڵ ئیبرایم پوور	٣ی ئووتی ١٩٨٣	جێگری فەرماندەری هێزی موعینی	بەردەسوور	شەری نێوخۆیی (کۆمەڵە)
١٤	ئەسعەد مامەدی	٩ی سپتامبری ١٩٨٣	جێگری فەرماندەری هێز	شنەتاڵا	تیرۆر
١٥	سابیر حوسێنی	١٢ی سپتامبری ١٩٨٣	جێگری فەرماندەری هێز	چنارە	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٦	عوسمان دادخاە	١٩٨٣ ٩ی نوامبری	فەرماندەری هێزی بەیان	کێلە چەرمووو	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٧	قادر ئیفتخاری	٢٦ی نوامبری ١٩٨٣	فەرماندەری هێز ئاوارە	شنۆ	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٨	محەممەد زۆلفە قادری	١٩ی فیۆرییەی ١٩٨٤	جێگری فەرماندەری هێز	قەرەناو	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
١٩	فەقی عەبدوڵا محەممەدی	٧ی ژووئەنی ١٩٨٤	فەرماندەری هێزی زمزیران	پشتی چوالان	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٠	محەممەد ئەمین بارام میرزا (چرچە)	١٣ی ژووییەی ١٩٨٤	فەرماندەری هیزی بەیان	شاروێران	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢١	ڕەحمان سوفی زادە	١٧ی ئووتی ١٩٨٤	بەرپرسی کۆمیتەی ڕەبەت	قامیشەڵە،قەرەبوغرە	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٢	قاسم محەممەد پوور(باقی)	٢٩ی ئاوریلی ١٩٨٥	فەرماندەری هێزی پێشەوا	باغلووجە	شەری نێوخۆیی (کۆمەڵە)
٢٣	ئیبراهیم شێخاڵی	٢٨ی مای ١٩٨٥	فەرماندەری هێزی نحۆ	شیمال	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٤	عەبدوڵا زەبیعی (میرزا عەوڵای نێشکۆلان)	٣٠ی ژووئەنی ١٩٨٥	جێگری فەرماندەری هێزی موعینی	کانی شەکرە	شەری نێوخۆیی (کۆمەڵە)
٢٥	سەرگورد کەریم علیبیار	١ی ژووییەی ١٩٨٥	ئەندامی کۆمیتە ناوەندی فەرماندەری هێزی شەهید عەزیزی یووسفی	ناوچەی بانە	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٦	سەید کامیل حەیدەری	٣٠ی ژووییەی ١٩٨٥	بەرپرسی کۆمیتە شارستان هەوشار	داش قس قەپان	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٧	عومەر قەیتەران	٢٢ی سپتامبری ١٩٨٥	فەرماندەری هێزی ئەفشین	گەرگول	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٢٨	خەلیل زارعی	٢٣ی نوامبری ١٩٨٥	فەرماندەری هێز	کرمانشان	ئیعدام
٢٩	عەبباس ئەکرەمی	١٢ی ژانویەی ١٩٨٦	جێگری فەرماندەری هێز	ئەورەزاق	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٣٠	جەمیل حوسێنی	٣٠ی ئووتی ١٩٨٦	بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە	وزباش کەندی	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم
٣١	سالار ئیبراهیمی	١٨ی ژووییەی ١٩٨٧	جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس	دەژن و سێویە	شەڕ لەگەڵ ڕێژیم

٣٢	خدر خدری (خدره سوور)	٢٩ی سپتامبری ١٩٨٧	فەرماندەری هێزی پێشەوا	تەرەغە	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٣٣	رەحیم مەحموودی	١٦ی ئۆکتۆبری ١٩٨٧	بەرپرسی کۆمیتە شارستانی پیرانشار	مامە رووتە	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٣٤	سەلیم کاویان	١١ی ئووتی ١٩٨٨	بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە	سەید سارم	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٣٥	خدر زارعی	١٧ی سپتامبری ١٩٨٨	بەرپرسی کۆمیتە شارستان	کەنێرە	شەری نێوخۆیی
٣٦	ئەحمەد کوهگەرد(وەستائەحمەد)	١٠ی ئوکتۆبری ١٩٨٨	فەرماندەری هێز	قاقڵاوا	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٣٧	حوسێن عەلی پوور(حەسۆ)	٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩١	جێگری فەرماندەری هێز سامرەند	خووییان،عێراق	تەقینەوەی ماشین
٣٨	شارۆخ مرادی	١٣ی نوامبری ١٩٩٣	فەرماندەری هێزی شەریفزادە	ناوتاقان	مین
٣٩	حەسەن مەقسوودی	٢٠ی ژووییەی ١٩٩٤	بەرپرسی کۆمیتە شارستان	سیاوانە، داڵاهۆ	پیلانی خائینان
٤٠	هەمزە بێهنام	١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤	فەرماندەری هێز ئاگری	نۆووی مەرگەوەڕ	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٤١	ئەبوبەکر ئیسماعیل زادە(ساماڵ)	٨ی دیسامبری ١٩٩٧	بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە	دەروازەی کویە	تیرۆر
٤٢	مەنسوور فەتاحی (ڕەشەهەورامی)	٨ی دیسامبری ١٩٩٧	ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی مەلبەندی ١	دەروازەی کویە	تیرۆر
٤٣	محەممەد مستەفایی(نارستی)	١٣ی ژووئەنی ١٩٩٩	فەرماندەری تیپ	کۆیە	تیرۆر
٤٤	هەمزە عەبدوڵلاهی(سارتکەیی)	١٣ی ئووتی ٢٠٠٨	جێگری فەرماندەری تیپ	گردینە	شەڕ لەگەڵ رێژیم
٤٥	عەبدوڵا شینانی	٣ی ئاوریلی ٢٠١٠	فەرماندەری هێزی ٢ی رێبەندان	ترونهامی نۆرویژ	کۆچی دوایی بەهۆی نەخۆشی

سەرچاوەکان : ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی رێزدار جەلیل گادانی، حکوومەتی کوردستان نووسینی بەرێز نوشیروان مستەفا ئەمین، بەشی شەهیدانی حیزب و هاوڕێ کوێستان فتوحی.



پیرۆز بێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
لاپەڕەی: ٣٢


٢٦ی سەرماوەز
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
1945
سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش ئەی هەواڵی پێشمەرگە
ڕەحمان نەقشی


سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل
ر.نەقشی


30 ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی دا
عوسمان ڕەحیمی
هاورێ کۆچەکەت گەلێک بێوەخت بوو
کاروانی خەبات پێویستی پێت بوو
ر.نەقشی

پیرۆز بێ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان
لاپەڕەی :٣٣

سەلاح شەشە
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
سڵاو لە پێشمەرگە و تێکۆشەر سەلاح شەشە
ڕەحمان نەقشی

حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
سپاس و پێزانین بۆ خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕی دێرینی حیزب و گەل ڕێزدار مستەفا حەکیم زادە و
هەموو حەکیم زادەکان
ڕەحمان نەقشی

حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
پێشمەرگە
سپاس و پێزانین بۆ خەبات و تێکۆشانی خاتوو نەسرین حەدداد
و هەموو بنەماڵەی شۆڕشگێڕی حەدداد
ڕەحمان نەقشی

هەر خەباتکارێکی کورد لە شاخ و شار پێشمەرگەیە
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
سڵاو لە پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین خاتوو کوێستان فتوحی
ڕەحمان نەقشی


٢٦ی سەرماوەز
حیزبی دێموکراتی کوردستان
سڵاو لە پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین ڕێزدار ئیقباڵ سەفەری
ڕەحمان نەقشی

پێشمەرگە
حیزبی دێموکراتی کوردستان
سڵاو لە پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین ڕێزدار حەمە ڕەسووڵ کەریمی
ڕەحمان نەقشی

پیرۆز بێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
لاپەرەی ٣٤

KURDISTAN
کوردستان نیشتمانی کورد
بەرزی و پیرۆزی سوێندت پێ دەخۆم
بە سەربەخۆیی بە خوێن بە گیان
بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆ
ئەی ژنەی پێشمەرگە، ئەی پێشمەرگەی ژن،
ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانت لێ پیرۆز بێ
ڕەحمان نەقشی

پێشمەرگە
سڵاو لە پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین خاتوو خەجیج مەعزور
ڕەحمان نەقشی

پێشمەرگە
پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
ڕەحمان نەقشی

٢٦ی سەرماوەز
Kurdistan Democratic Party
پێشمەرگە
سڵاو لە پێشمەرگەو تێکۆشەری دێرین کەماڵ گروێسی
ڕەحمان نەقشی


پێشمەرگە
پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
ڕەحمان نەقشی

KURDISTAN
کوردستان نیشتمانی کورد
بەرزی و پیرۆزی سوێندت پێ دەخۆم
بە سەربەخۆیی بە خوێن بە گیان
بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆ

پیرۆز بێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
لاپەڕەی :٣٥



لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیواو هەستی ئاورینم دەوێ
ڕەحمان نەقشی



ڕەحمان نەقشی
پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

R.N

پێشمەرگە
سپاس و پێزانین بۆ خەبات و تێکۆشانی خاتوو نەسرین حەدداد
و هەموو بنەماڵەی شۆڕشگێری حەدداد

بژی پێشمەرگە
پیرۆز بێ ٢٦ ی سەرماوەز
ڕۆژی
پێشمەرگەی کوردستان

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون
کوردستان
پێشمەرگە